دۆسیەی ژمارە" ٢٩ ساڵ دوای ڕاپەڕین" گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیان" ئیبراهیم محەمەد، نوری بەشیر، لەلاپەڕەکانی 10-11-12دەخوێننەوە...

# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی سێیەم ژمارە (70) 1/3/2020 | مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت | بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە


# دوای ٢٩ ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا، ڕاپەرینێکی ڕێکخراو و سەراسەری بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستیەوە بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی پێویستیەکی حاشاهەڵنەگرە!



ڕێپێوانی شووراكان لەشاری هەولێر - نەورۆزی 1991

## وتەی ژمارە

ئەم رۆژانە ٢٩ ساڵ بەسەر ڕاپەرین و خرۆشانی جەماوەری بەدژی ڕژێمی فاشیستی گۆڕ بەگۆڕکراوی بەعسدا تێدەپەرێت. خەڵکی کوردستان بۆیە لەدژی بەعس راپەرین، چونکە رژێمی بەعس، رژێمێکی قەومی بوو، لەسەر ناسنامەی قەومیەتی عەرەبی پایەکانی دەسەڵاتداریێتی دامەزراند بوو. هەر بەهۆی قەومی بوونەکەیشی هاوڵاتیانی کورد زمانی وەکو پلە دوو تەماشا دەکرد و مافە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستانی ژێر پێدەخست.. هەموو دەنگێکی ئازادیخوازانەی لەرێگای دەزگا سەرکوتگەرەکانیەوە خامۆش دەکردەوە و نەیارانی سیاسی خۆی بە توندترین شێوە پاکتاو دەکرد. کارنامەی بەعس، کارنامەی دەسەڵاتێکی رەشی سەرکوتگەرانەی کەم وێنەیە لە ئاستی دنیادا، سەرکوت، زیندان، ئیعدام، کاولکاری، تەعریب، تەهجیر، بەزۆر بە بەعسی کردن، کیمیاباران، ئەنفال... کارنامە سەرەکیەکانی ئەو رژێمە بوون.

خەڵکی عیراق و کوردستان، بەکەڵک وەرگرتن لە لاوازبوونی رژیمی بەعس و تێکشکانی لە جەنگی کەنداوی یەکەمدا، هاتنە مەیدان و دەسەڵاتی بەعس لە بەشێکی زۆری کوردستاندا وەدەرنرا. خەون و خولیای خەڵکی کوردستان لەم ڕاپەرینەدا، بە پلەی یەکەم ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان. کۆتاییهێنان بە ستەمی بۆ لاپەڕە ٢

قوربانیانی توندوتیژی و ناموسپەرستی...ل2



ئیبراهیم محەمەد: پەرلەمان کاریکاتۆرێکە کە لای هەموو خەڵك ئاشکرایە، کە بڕیارە ئەسڵییەکان و ڕێککەوتنەکان لە پشتەوەو لە ژووری تاریکدا ڕێکدەخرێن و ئەندامانی پەرلەمانیش بێجگە لە لێبووکێك و مفتەخۆرانێك هیچیتر نین، بە دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە...ل10



نوری بەشیر: قسەکردن لەمێژووی سێ دەیەی رابردوو لەکوردستاندا بەبێ قسەکردن لە ڕاپەرین و شوراکان لە دەوری بەرجەستەی کۆمۆنیستەکان و جەماوەری ناڕازی و دژی رژێمی بەعس و بۆ دەسەڵاتداریتی خەڵك هاتنە مەیدان، مێژوویەکی ناتەواو شێوێنراوە...ل11_12

مەلا هەڵۆ دوبارە سوکایەتی دەکات و بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگەش دێتەوە دەنگ...ل3

شانۆیی" وەرە با بین بەسەک" مەلاکان و کۆنەپەرستان شێتگیر دەکات...ل3

با هێزی بێکاران بکرێتە هێزی گۆڕانکاری...ل5

٨ مارسی ئەمساڵ و "نا" وتنی ژنان بە ئاپارتایدی جنسی...ل4

ڕزگاری لەدەستی بەعس دوای ٢٩ ساڵ حکومڕانی دەسەڵاتی کوردی...ل6

ل6 پرسی ژن



دیمانە سەبارەت بە لێکەوتەکانی کوشتنی قاسم سلێمانی و گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران... ل8-9

ل7 گۆشەی ئەدەب و هونەر

## درێژەی وتەی ژمارە...

نەتەوایەتی و دەستڕاگەیشتن بوو بە ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران. دیارە ئاسۆی زاڵ بەسەر ئەم خۆپیشاندان و ڕاپەرینەدا، ئاسۆی بزوتنەوەی ناسیونالیستی بوو. ئاسۆیەک کە دەیویست لەرێگایەوە دەستی بە بەشداری لەدەسەلاتی بەعسدا بگات و وەکو نوینەری بۆرژوازی و چینە داراکانی کورد، لە دەسەلاتداریتی ئیراقدا بەفەرمی بناسریت.

ڕاپەرین کرا و دام و دەزگاکانی بەعس لە زوربەی زۆری کوردستان لەلایەن جەماوەری راپەریو و تورەوە، وەدەرنران. حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی، کە لە پێشترەوە خۆیان بە سیاسەتەکانی ئەمریکاو غەرب و جەنگ و ملهوریەکەیەوە ئاویزان کردبوو، وەکو میراتگری بەعس هاتنەوە ناو شارو شارۆچکەکانی کوردستان و بەزوویی خەون و خولیاکانی خەڵکی کوردستانیان لەدژی بەعس لەباربرد.

یەکەمین کارێک کە دەستیان بۆی برد، تالانی و فەرهودکردنی ئامێر و کەرەستەو ممتەلەکانی کارگەو کارخانەو دائیرەو پرۆژە ئابورییە تەواو نەکراوەکان، و ئاودیوکردن و هەرزان فرۆش کردنی بوو... ئەو تالانی و دزییەی ئێستا، درێژەپێدەری ئەو تالانی و فەرهودەیە کە لەگەڵ هاتنەوەیان بۆ ناو شارو شارۆچکەکان دەستی پێکرد.

کارێکی تری یەکێتی و پارتی، وەرێخستنی کوشتاری ژنان بوو لە ژێر ناوی شەرەف و پەیوەندی ئەم ژنانە بە دەزگاکانی رژیمی بەعسەوە، ئەوە لەکاتێکدا بوو لێبوردنی گشتیان بۆ کرێگرتەکانی بەعس و دەست خوێناوی بە خوێنی رۆڵەکانی خەڵکی کوردستان، دەرکرد. بەڵێ یەکێک لە کارەکانیان کوشتاری ژنان بوو. ئەو ژنکوژی و توندوتیژی و بێمافیەی ئێستای ژنان، درێژەی ئەو هێرشەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتییە کە لەساڵی ١٩٩١ و تەنانەت لەلادێکانی سەردەمی قەڵەمرەوی سیاسییاندا، دەستیان پێکردبوو.

هێرش بۆسەر چەپ و کۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی شوارێی و هەڵسوڕاوان و رابەرانی و داخستنی بنکەی شوراکان بەزۆری هێزی چەکدار، سەرەتای هێرشی ئەوان لە دنیای شاریدا بوو، بەدژی ئازادی سیاسی و بیروباوەرو کاری ڕیکخراو. ئەو سەرکوت و کوشتاری ئازادییەی ئێستای کوردستان، درێژکراوەی ئەو سەرکوت و ملهورییەیە کە لەگەڵ هاتنەوەیان بۆشار، دەستیان بۆی برد و ئا ئێستاش درێژەی هەیە.

پرسی سیاسی خەڵکی کوردستان و ستەمی نەتەوایەتی رژیمی بەعس لەسەر کوردستان، لەلایەن بزوتنەوەی کوردایەتییەوە، کرایە دەستمایەی سات و سەودا لەگەڵ بەعس و بەشداری لەدەسەلاتی حکومەتی مەرکەزی لەگەڵ هێزە ئیسلامیە سیاسیە کۆنەپەرستەکان و قارەمانانی عروبەی دوای بەعس. ئەو ملدان و خۆبەستنەوەیە بە حکومەت و دەسەڵات لەبەغدا و لکاندنەوەی کوردستان بە عێراقەوە لە ژێر ناوی فیدرالیزمدا، بەرهەمی ئەو دژایەتیەی مافی سیاسی خەڵکی کوردستانە لەلایەن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە بەدژی دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خەکی کوردستان بە رۆڵ و ئیرادەی جەماوەری و ئازادانەی خۆیان.

بەم شێوەیە حزبەکان و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، خەون و خولیای خەڵکی کوردستانی لە وەستانەوە بەرووی دەسەڵاتی بەعسدا، لە پێناو ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان. کۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و دەستراگەیشتن بە ژیانێکی ئارام و خۆشگوزەران و مافە فەردی و سەرەتایی و مەدەنییەکانی کوردستانیان، نەک هەر لەبار برد، بەڵکو کردیانە دەستمایەی بەشدارییان لە دەسەڵاتێکی رەشی تاقم و دەستەی نۆکەری ئیسلامی سیاس شیعی و عروبەی دەستپەروەردەکراوی بەعس. لەهەموو ئەوانەش واوەتر ئەگەر لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا، نان و ئاو، کارەبا و سوتەمەنی، خزمەتگوزاری و موچەو هەلی کار ... تاد، بوونیان هەبوو، ئەوا دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی هەموو ئەوانەشی لوشدا و ژیان و گوزەرانی زوربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستانی لەدۆخێکی بێ وێنەی نەبوونی و بێ خزمەتگوزارییدا راگرتووە. ئێستا دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ دەسەڵاتداریتی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی، خەڵکی کوردستان بەدەست نەبوونی ئاو، کارەبا، خزمەتگوزارییەکان، بێکاری، دزی و تالانی و گەندەڵی و ... لە پاڵیشیدا بێمافی و سەرکوت و زاڵکردنی کەلتوری کۆنەپەرستانەو دەست لەپشدانی کۆنەپەرستی ئیسلامی و قەومیدا، دەناڵێنن.

یەکێک لە سیما و دیاردە جوانەکانی ناو ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا، هاتنە مەیدانی چەپ و کۆمۆنیستەکان و وەرێخستنی بزوتنەوەی شورایی بوو. بزوتنەوەیەک کە بۆیەکەمین جار لە مێژووی سیاسی کوردستاندا، هاتە ناو بەرامبەرکێی بەکردەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لەدژی بزوتنەوەی کوردایەتیدا وەستایەوە. تا ئەو کاتە کۆمەڵگەی کوردستان گۆرەپانی سیاسی پاوانکراوی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی بوو. بزوتنەوەی شورایی سەرباری هەر نارۆشنی و کەم و کورتیەک کە بووی، بووە دیاردەیەکی جوان و شەقکردنی پاوانخوازی بزوتنەوەی کوردایەتی. هەر ئەوەش بوو کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی شیتگیر بوون و جەنگی خۆیان لەدژی شوراکان و چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەموو ئازادیخوازییەک دەستپێکرد... ئەو جەنگ و هێرشەی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسایەی دەسەڵاتی خۆیدا نزیک بە ٣٠ ساڵە لەدژی چەپ و کۆمۆنیستەکان و هەموو ئازادی و ئازادیخوازی ئەنجامی دەدات، سەرەتاکەی بە داخستنی شوراکان و هیرش بۆسەر کۆمۆنیستەکان لە کەشی شارییدا دەستی پێکرد.

چەپ وکۆمۆنیستەکان و بزوتنەوەی شورایی، بوونە سەرچاوەی جێخستنی دەیان نەریتی نوێ و نامۆ و دژ بە نەریتی بزوتنەوەی کوردایەتی و رەوتگەلی ئیسلامی... ئازادی بی قەیدو شەرتی سیاسی، وەستانەوە بەرووی تیرۆری ژنان لە ژێر ناوی شەرەف پارێزی و هێنانە مەیدانی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، خستنە رووی داخوازی کرێکاران و پرسی ڕیکخراوبوون و کۆبونەوەی گشتی، و پرسی بەرابەری و حکومەتی کریکاریی، وەستانەوە بەرووی دیدو کەلتوری ناسیونالیستی و قەوم پەرستی و بۆگەناوی ئیسلامی، تادەگاتە بەرگری لە مافی منالان و جێ خستنی نەریتی سازدانی مەراسیم و بۆنە کریکاریی و رادیکاڵەکان لەوانە" یادی هەشتی مارس، وەریخستنی ئاکسیۆنە ئایارییەکان، بەرزراگرتنی یادی شۆرشی ئۆکتۆبەر، یادی خەباتکارانە و رۆڵی مارکس و ئەنگلس و لینین... هەموو ئەمانە لەدیدی خەڵکی کوردستانی ئەو سەردەمەو تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت بە کۆمۆنیستەکان دەناسرێتەوە. لەکوێ باسی رزگاری چینی کرێکار و کۆبونەوەی گشتی، بەرابەری ئابوری، یەکسانی ژن و پیاو، ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی، رەخنە تیژ و بێ رووپۆش لە قەوم پەرستی، کۆنەپەرستی ئیسلامی،...تاد، بێتە گۆ، کۆمۆنیستەکان و کۆمۆنیزمی کریکاریی بیر دەخاتەوە. ئەو رەوتی ئازادیخوازی و بەرگری لە چینی کرێکارو مافەکانیان، لە ژنان و مافەکانیان، لە منالان و مافەکانیان، لە ئازادی و ئازادییەکان، وەستانەوە بەرووی کەلتور و نەریتی پرتوکاوی ئیسلامی و قەومی، لە بەرەسمی ناسینی ئیرادەی جەماوەری، پرسی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان... کە تائیستا لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، سەرەتای بە کردەوەی لەناو دڵی راپەرینی خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١دایە... چارەنووسی دڵخوازی جەماوەری کریکار و بێبەشی کوردستان وتوێژە بێبەشەکانیش، بە هەموو مافە فەردی و مەدەنی و ئازادیخوازییەکانەوە، لە گرەوی بەهێز بوونەوەی ئەو بزوتنەوەیەو رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاریی دایە... ڕاپەرێنیکی تر، بەڵام بۆ ئازادی و بەرابەری و حکومەتی کریکاریی، پێویستە.

**سەرەتای ئازاری ٢٠٢٠**

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبوەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

* هیچ بابەتێک بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...

# قوربانیانی توندوتیژی و ناموس پەرستی

له كردەوەیەكی ئینسانكوژی و ژنكوژی تازەدا، ئەمجارە لەگەڵ ژنەكەدا چوار جگەرگۆشەكەش بە چەقۆی پیاو سالاری قەسابی دەكرێن. لە هەفتەی رابردوودا و لە شاری شتوتگارد لە ئەڵمانیا، پیاوێکی کورد کە بە ئەسەڵ خەڵکی زاخۆیە ژنەکەی و هەر چوار منالەکەی بەچەقۆ دەکوژێت...هۆکاری ئەم کردەوە نائینسانییە کەم وێنەو دڵهەژێنە ئەوە بووە کە ژنەکە لەپیاوەکە جیابۆتەوە... بەڵام ناموس پەرستان و پیاوسالارەکان، ژن بە کائینێکی ئازاد نازانن و دوای جیابوونەوەش بە موڵکی خۆیانی دەزانن.



# مەلا هەڵۆ دوبارە سوکایەتی دەکات و بەرەی ئازادیخوازیش سکاڵا لەدژی تۆمار دەکەن

دوبارە مەلا هەڵۆ لەدرێژەی جوێن فرۆشی و سوکایەتیەکانیدا، پەیمانگای هونەرە جوانەکان بە شوێنی سۆزانی و لەشفرۆشەکان، لەقەڵەم دەدات. دیارە ئەو دەربرێنە نەک هەر سوکایەتی و بێڕێزی و تۆمەت داشینێکی ئاشکرایە بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی ئەو پەیمانگایانە، بەڵکو سوکایەتییە بە تەواوی ئەدەب و هونەر و شانۆ و مۆسیقا و بەشەکانی و بێ رێزییەکی ئاشکراشە بە تەواوی کۆمەڵگە و وەزارەتی رۆشنبیری و سلکی خوێندن و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسی هەریم... مەلا هەڵۆ مانگێک نابێت لەسەر سوکایەتی و جنێو فرۆشی ناچارکرا داوای لێبوردن بکات و پاکانە بۆ دەربڕینەکانی بهێنێتەوە، بەڵام چونکە مەلا هەڵۆ و هاوپیشەکانی عادەتیان بە سوکایەتی و تۆمەت بەخشینەوە گرتووە، ناتوانن ناخی




پۆخڵی ئیسلام بشارنەوە و دەستبەرداری سوکایەتی و تەوهین و جنێوفرۆشیەکانیان ببن... جیگای باسە چۆن مەلاکان دەست لە ژەهراو ڕشتن و سوکایەتی هەڵناگرن، ئەوا بەرەی ئازادیخوازی کوردستانێش بێدەنگ نابن و وەکو هەمیشە بە دەنگی ڕەساوە، مەلاکان و هاواری نووساویان وەڵام دەدەنەوە، لەو چوارچێوەیەدا بەسەدان هونەرمەند و ئەدیب دۆست، مامۆستا و خوێندکار و ئازادیخوازو هەڵسوڕاوی پێشکەوتنخواز... لە رێگای راگەیاندنێکەوە کە بەجیا لە ئیدانەی سوکایەتی مەلا هەڵۆ، داواکارن یاسا بە ئەرکی خۆی هەڵبسێت و لێپێچینەوەی یاسایی لەبەرامبەری بگرێتە بەر... ئەمەی خوارەوە دەقی... راگەیاندنەکەیە کە سەدان واژی لەپشتە...

**بەڕێز: دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی**

**ئێمە کە ناومان هاتوە کۆمەڵێك شانۆكار و مامۆستا و خوێندكاری پەیمانگەی هونەرە جوانەكانین لەكوردستان، سكاڵا تۆمار دەكەین دژی (مەلا هەڵۆ) بەهۆی ئەو قسە نەشیا و ناوزڕاندن و جوێنانەی كەبە هونەرمەند و شانۆكار و پەیمانگەكان و خوێندكاران و كەس و كاری هەموو لایەكمانی داوە.**

**ناوەكان:**

**ئێمە لە کاتێکدا پشتیوانی لەو کەمپەین و دواکاری سکاڵایە دەکەین، هاوکات دواکارین کە هەموو ئینسانێکی هونەر دۆست، ئازادیخواز، مرۆڤ دۆست و ژین دۆست... پشتیوانی خۆیان لەو کەمپەین و سکاڵایە بکەن و ببن بە بەشێکیش لەو رەوت و ئۆردویەی کە لێبڕاوانە لە مەیداندان بۆ بەرگری لە مافە سەرەتاییەکانی ئینسان و داهێنان و پیشکەوتنی زانستی و هونەری و پاشەکشە پیکردنی هەرچی زۆرتری رەوتی کۆنەپەرستی و کەلتوری پرتوکاویی دووبارە سەرلەگۆڕ دەرهێنراوی نامۆ بە ئینسان و دەستکەوتەکانی...**

**بۆپێشەوە**

# شانۆیی "وەرن ببین بەسەگ" مەلاکان و کۆنەپەرستان شێتگیر دەکات!

دوای ئەوەی گروپی هونەری ئەستێرەکان لە شاری کەلار شانۆیی" وەرن ببین بەسەگ"ی پێشکەش کرد، مەلاکان و کۆنەپەرستان کەوتنە هات و هاوار. دوبارە بەو زمانە پیشە پۆخڵیەی هەیانە کەوتنە سوکایەتیکردن و بێرێزیکردن بە گروپی شانۆیەکەو ئەکتەرەکانی، بە شانۆ و هونەر و داوایان لەحکومەت و وەزارەتی رۆشنبیری کرد، لێپرسینەوە لەو گروپە بکات. هۆکاری تورەیی ئەو مەلاو خێڵە لە کۆنەپەرستانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان پاساوەکەی ئەو بوو کە بەهونەری شانۆ دەمپیسی ئەو مەلایانەی خستە ڕوو کە بەبەرچاوی کۆمەڵگە، حکومەت، وەزارەتی رۆشنبیرییەوە رۆژانە سوکایەتی بە ژنان و بە سیماو دیاردە مەدەنیەکانی کۆمەڵگە دەکەن.... بەڵام



هۆکاری سەرەکی تەنها ئەوە نەبوو کە دەمپیسی مەلاکانیان بەهونەری شانۆ نمایش کرد، بەڵکو هۆکارە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە خێڵی مەلاو رەوتی تاریک پەرست و کۆنەپەستی کۆمەڵگە کەدەسەڵات و یاسا و میدیای زەبەلاحی لەپشتە، چاوی بەهیچ کارێکی داهێنەرانە، رەخنەگرانە و ئازایانەی پێشکەوتنخواز هەڵنایەت و دەیانەوێت و دەکۆشن یاساو ریسای داعشی بەتەواوەتی کۆمەڵگە قانگ بدات. نوزەی ئازادییەکان، خەفەبکات و کەمترین مافەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە لە قاڵبی ئیسلامی داعشی و محەمەدیدا جیگیر بکات... بەڕیوەبەرایەتی رۆشنبیری کەلار چالاکیەکانی ئەو گروپە شانۆیەی بۆ ساڵێک سڕ کرد. میدیای کۆنەپەست و نۆکەریش پیشبرکیی مینبەر خستە بەردەم مەلاکانیان، دەستپێکرد و چەندین مەلایان هینانەیە سەر شاشە و روپەری پڕ شەرمی بەرنامە تەلەفزیۆنەکانیان، تا وەفای خۆیان بە خێڵی مەلاو رەوتی کۆنەپەرستی بەدەنگی بەرز دوپات بکەنەوە... بەڵام خۆشبەختانە ئەمجارەش هاتنە دەنگی بەرەو رەوتی پیشکەوتن خوازی کۆمەڵگە، لایەنگرانی هونەر و ئەدەب و شانۆی پیشکەوتنخواز، ئینسان دۆست و ئازادیخوازان وەزارەتی رۆشنبیری ناچار کرد، کە بریاری بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری کەلار سڕ بکات و هەڵبوەشێنێتەوە... ئەمەش سەرکەوتنێکی ترە دوای دەم داخستنی مەلا هەڵۆ و ڕاپێچ کردنی مەلا مەزهەر بۆبەردەم دادگا، بە هۆکاری جنێو فرۆشی و سوکایەتی بە ژنان و کۆمەڵگە... دیارە هیشتا هەرەشە و چاو سورکردنەوە لە دەرهێنەر و ئەکتەرەکان هەر بەردەوامە... بۆیە سەلامەتی ژیان و گوزەران و کەسایەتی یەک بەیەکیان لە ئەستۆی دەسەڵاتە و بەرەی ئازادیخوازیش دەبێ لە نەبەردی خۆی بەرامبەر بە کەلتوری کۆنەپەرستی کۆمەڵگەدا لێبراوانە هەنگاوی بەرەو پیش بنێت، تا دین و سیاسەت و دەسەڵات لە یەکتری جیادەکاتەوە، و دەروازەی رەخنەگرتنی ئازادانە لەهەر ئایدۆلۆژیا و کەلتور و دین و ئەخلاقیات و رەمزەکانی، ئازاد دەکات و بەناوی ریزگرتن لە پیرۆزییە دینی و قەومی و نیشتیمانی و ئەخلاقیەکان، ئازادییەکان و بیروڕاکان خەفە ناکات. نەبەردی بەرەی ئازادیخوازی کۆمەڵگە، بەرووی کۆنەپەرستی و مەلا بەلاشخۆرەکاندا، بەشێکە لە بەرامبەرکێیەکی کۆمەڵایەتی، کە ریگا نادات ڤایرۆسی ئیسلام، پاشەکشە بە رەوتی باڵای ئازادی و ئازادیخوازی کۆمەڵگە بکات... خودی ئەم شانۆییە، نموونەیەکی باڵانوێنی نەوەیەکی نوێی پیشکەوتنخوازە، دەبێت بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی لەو ئاراستەیە بکرێت...

# هەشتی مارسی ئەمساڵ و نا وتنی ژنان بە ئاپارتایدی جنسی



نوسینی: هەتاو عەبدوڵاهی

مێژووی ڕۆژی جیهانی ژن هاوکاتە لەگەڵ خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جنسی و چەوسانەوەی چینایەتی. ئەم ڕۆژە ڕۆژی هاوپشتییە بۆ خەبات لەپێناو بەدیهێنانی مافی یەکسان بەرابەر و هەلومەرجی باشتر لە ژیانی ژناندا. هۆکاری دیاریکردنی ڕۆژی هەشتی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژن، یاد کردنەوەیە لە بیرەوەری خەباتی ژنانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنینی شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا لە ساڵی ١٨٥٧ زایینی. مێژووی دیاریکردنی ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩١٠ی زایینی، کە لە شاری " کۆپێنهاگ"ی وڵاتی دانیمارک، دووهەمین کۆنفرانسی ژنانی سوشیالیست بەرێوە چوو، کە تیایدا "کلارا زتکین" ژنە شۆڕشگێڕ و ناسراوی حیزبی سوسیالیستی "ئاڵمان" لەسەر دیارکرنی ڕۆژی جیهانی ژن قسەی کرد و هەر لەوێشدا پێشنیاری کرد، ٨ ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان بناسرێت. پێشتر ژنانی وڵاتی " نەمسا" ڕوژی یەکی "مەی" یان پێشنیار کردبوو، کە یەکی مەی مانا و مەفهومی خۆی هەیە و نەدەکرا وەک ڕۆژی ژنان دیاری بکرایە. هەر لەو پێوەندییەدا ژنانی وڵاتی " ئاڵمان" نیش ڕۆژی 19ی مارسیان پێشنیار کرد بوو، کە ١٩ی مارسیش ڕۆژێکی مێژوویە لە خەباتی شۆڕشگێرانەی ژناندا، لەو ڕۆژەدا و لە ساڵی ١٨٤٨ زایینیدا ژنان دژ بە ڕژیمی پاشایەتی "پرۆس" بوو دەنگی نارەزایەتییان بەرز کردوەتەوە، بەڵام کۆنفرانسی ساڵی ١٩١٠ی " کۆپێنهاگی دانمارک" سەرەڕای گرینگ بوونی خۆی، نەیتوانی بڕیاری کۆتایی بدات و ڕۆژێک وەک ڕۆژی ژنان دیاری بکات. ئەو مەسەلەیە تا ساڵی ١٩٢١ی زایینی مایەوە و هەر وڵاتە و بۆ خۆی و لەکات و ڕۆژێکی جیاوازدا و بەتایبەت ڕۆژانی پشووی مانگی مارس خۆپێشاندانیان ساز دەکرد و یادی ڕۆژی ژنانیان دەکردەوە. ئەوە بوو کە "کلارا زتکین" دیسانەوە لە ساڵی ١٩٢١ی زایینیدا، هەشتی مارسی وەک رۆژی ژنان خستەوە بەر باس و ئەمجارەیان پێشنیارەکەی پەسەند کرا و لە ئاکامدا ئەم رۆژە وەک رۆژی ژنان لە مێژوودا دیاری کرا. ئەمسال لە کاتێکدا بەرەو پیری هەشتی مارس رۆژی جیهانی ژن دەچین کە سەرمایەداری باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە و خۆی خزاندۆتە ناو هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیانی تاکەکەسی مرۆڤەکانەوە و لە هەر ناوچە و شوێنێک بۆ چەوساندەوەی مرۆڤەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی لە ئەبزار و کەرەسەی جۆراوجۆرو تایبەت بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی ئەو ناوچەیە بۆ مەبەستە دزێوەکانی کەڵک وەردەگرێ.

ئەمساڵ لەکاتێکدا یادی ئەو ڕۆژە مەزنە دەکەینەوە کە هەژاری، شەر، ماڵوێرانی لە هەموو شوێنێکی جیهان داوێنی خەڵکی گرتووە و سەرمایەداری بەهەر شێوەیەک کە بۆی دەلوێ هەول بۆ لەناوبردنی دەسکەوتەکانی ژنان دەدات کە لە ماوەی ساڵانی رابردوو بە دەستیان هێناوە و ڕۆژبەرۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێ. ژنان لە بارودۆخی هەنووکەییدا لەگەڵ پرسی مەترسیداری بە کالابوونی جەستە، هەژاری لە رادەبەدەر، شەڕ و مالوێرانی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، شەری ئایینی چەق بەستوو و یاسا و ڕێسای دژە ژن بەرەوروون. بەڵام ئەوە رویەکی پرسەکەیە و هاوکات لە بەرەبەری هەشتی مارسی ئەمساڵ مێژوو خەباتی نویی و سەردەمیانە و "نا" وتن بە ئاپارتایدی رەگەزی ژنانی بە خۆیەوە بینیوە. هەروەک رۆژانە لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانەوە دەبینین هەشتی مارسی ئەمساڵ ژنان بە یەکگرتوویی هەرچی زیاتر بەرامبەر بە جیهانی سەرمایەداری و نیزامی کۆیلەیی ژنان ڕاوەستاون و لەریزی پێشەوەی خەبات بۆ نەمانی توندوتیژی و هەڵاواردنی ڕەگەزەی و خوازیاری بەرابەری و یەکسانی ژن و پیاون. ئەو یەکگرتوویی و خەباتە لە حاڵێکدایە کە توندوتیژی بە دژی ژنان لە هەموو جیهان جۆر و شێوازی مەترسیداری بە خۆیەوە بینیوە و رۆژانە ژنان بە هۆی توندوتیژی سیستەم و بنەماڵە و کۆمەڵگە گیانیان لەدەست دەدەن و بەردەوام ڕووبەرووی هەڵاواردنی ڕەگەزی و زوڵم و ستەم دەبنەوە. لە بارودۆخی هەنووکەیی دا دەبینین ژنان لە سەرتاسەری جیهان لە وڵاتانی سەرمایەداری و ئوروپاییەوە بگرە تا وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئازاد نین و خاوەنی جەستەی خۆیان نین و جەستەی ژنان وەک کاڵای جنسی سەیری دەکرێ و ژنان بوونە قوربانی ساتو سەودای دەسەلاتی سەرمایەداری و رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر لەگەڵ بێمافی و هەموو جۆرە توندوتیژیەکان بەرەوروون. ژنان زۆر بە باشی هەست بەو پرسە مەترسیدارە دەکەن و لەهەموو وڵاتان لە بەرامبەر ئەو پەتایە ڕاوەستاون وەکوو خەباتی ژنانی ئێران بۆ نا وتن بە حیجابی زۆرەملێ بگرە تا خەباتی ژنان لە وڵاتانی ئوروپایی و سەرمایەداری بۆ نا وتن بە کۆیلەیی جنسی هەموو نیشان لە ئاگایی و هوشیاری توێژی ژنان و ناسینی بنچینەیی کێشەکانیانە. وەک ئاماژەمان پێکرد بارودۆخی هەنووکەیی بۆ ژنان زۆر مەترسیدارە. ژنان لە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لەگەل هێزە توندرەو و بناژۆخواز و ئیسلامیەکان بەرەوروون. ژنان لەو وڵاتانە کە شەر بەسەریاندا سەپاوە قوربانیانی شەرن و هەموو تاوانێکیان بەدژدا رەوا دەکرێ. بارودۆخی ژنان لە بازاری کار و نەبوونی موچەی بەرابەر و یەکسان تەنانەت لە وڵاتانی رۆژئاوایی، بەکاڵاکردنی جەستەی ژن و فرۆشتنی کاڵاکانی سەرمایەداران بە لەش و لاری ژنان، بارودۆخی ژنانی کرێکاری جنسی و دەستدرێژی بۆسەریان بە ناوی ئازاد و دیموکراسی، هەوڵدان بۆ پەسەندکردنی یاساو رێسای دواکەوتوانە و ئیسلامیی و دژە ژن بە تایبەتی لە وڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەراست، چوونە سەری ئاماری خۆکوژی و کوشتنی ژنان لە وڵاتانی ئیسلامی هەمووی دیاری دنیای سەرمایەداری بۆ ژنان بووە و بە هەموو هێزێکەوە هەوڵ بۆ لە ناوبردنی دەسکەوتی ژنان و لە کارخستنی هێزێکی کارامەی کۆمەڵگە دەدات. سەرەرای بوونی ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمە و کۆسپ و تەگەرە لەسەر ڕێی ئەو رەگەزەی کۆمەڵگە ژنان ملکەچی ئەو بارودۆخە نەبوون و لەبەرامبەر هەموو ئەو ناعەدالەتیانە راوەستاون، کە وەک نمونەی ئەو خەباتە دەتوانین باس لە ژنانی رۆژئاوا بکەین کە خەباتێکی هەمەلایەنەیان دژ بە ئایینی دواکەوتوویی دەست پێکردووە. ژنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی تا سەر ئێسقان دژە ژن و تۆتالیتێر دژ بە یاساکانی رژیمی ئیسلامی کە توندوتیژی دژ بە ژنان تێیدا یاسایی کراوە لەبەرامبەر پۆششی زۆرەملی راوەستاون و لە سەنگەری پێشەوەی خەبات بەدژی دواکەوتوویی دان. لە وڵاتانی ئیسلامی ژنان هەوڵ بۆ پچڕانی کۆت و بەند و زنجیر دەدەن و لەو پێناوەدا قوربانیان داوە، بەڵام چۆکیان دانەداوە. ژنان لە خۆپێشاندانەکانی ئەمساڵی ئێران کە بە شۆرشی برسییەکان ناوی دەرکرد لە ریزی پێشەوە بوون و داوای ماف و حقوقی ئینسانیان دەکرد. ژنانی ئێران لەو بارودۆخە ئەستەم و دژوارەدا نایان وت بە کۆت و بەند و لە بەرامبەر یاسای حیجاب دا وەستاون و هەموو حاکمەتی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی ئێرانیان خستە ژێر پرسیار. ژنان ئەو هێزەی کە کۆماری ئیسلامی ساڵەهایە هەول بۆ پاسیڤ بوون و دوورکردنەوەی لە پرۆسەی سیاسی و ئابووری ئێران دەدات تەنگیان بە رژیم هەڵچنیوە و رۆژانە دەبینین ژنان لە ئێران سەرەرای بوونی فەزایەکی ئەمنیەتی و دژە مرۆڤ لچکەکانیان لەسەر دادەکەنن و نا ئەڵێن بە کۆیلەیی کە ئیسلام و رژیمە ئیسلامیەکان بە سەریاندا سەپاندوون. لەو سەردەمەداو لەو بارودۆخە کە ژنان لە هەموو جیهان خەریکن بە دژی دواکەوتوویی و بێ مافی رادەوەستن و چالاکی دەنوێنن ژنانی جیهان دەبێ هەشتی مارسی ئەمساڵ و رۆژی جیهانی ژن وەک هەل و دەرفەتێک بۆخۆ ئابدەیت کردنەوە لەگەل روداوەکانی سەردەم بە قازانحی خۆیان بقۆزنەوە و بەو راستیە بگەن کە ئازادی ژن روکنی سەرەکی ئازادی کۆمەڵگە و چینی کرێکار و هەموو مرۆڤایەتییە. بۆیە دەبێ قۆڵی هیمەت هەڵماڵن بە کۆر و کۆبوونەوە و چالاکیەکانیان خۆیان هاوتەریب کەن لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری و دەست لە ناو دەستی پیاوانی ئازادیخواز هەول بۆ نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژە مرۆڤ بدەن و هەڵگری دەنگی ژنان و پیاوانی کرێکار بن. ژنان دەبێ بەو راستیە بگەن تا کاتێک نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری لەسەر کار بێ ئەوان بە ماف و ئازادییان ناگەن و ئازادی ژنان و هەموو مرۆڤایەتی بەندە بە دامەزراندن سیستمێکی سوشیالیستی و مرۆڤ پەروەر کە تیایدا تاکەکان بە پێی رەگەز دەستەبەندی ناکرێن و ناچەوسێنەوە. بۆیە ئازادی ژن کاتێک بەتەواوی مسۆگەر دەبێ کە نیزامی سەرمایەداری بروخێ..

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# با هێزی بێکاران بکرێتە هێزی گۆڕانکاری

**عبدالرحمن رەسول**

پێویستە ڕۆژێک بێت لە کوردستان دژی دەسەڵاتی چەوسێنەرو دز و کۆنەخوازی و مافیاکان خەڵکی ناڕازی یەکگرتوو بێت لە تێکۆشانێکی هاوبەشدا بۆ گۆڕانکاری لە دەسەڵات و کۆمەڵگەدا، هەتا دەگەینە ئەو ئاستە لە وشیاری لەجۆری تێکۆشان دەبێت بەردەوام تاکی کۆمەڵگە بەتایبەت کرێکاران و بێکاران وهەژارانی کوردستان باجی قوربانیدان دەدەن، کرێکار بەردەوام ژیانێکی کۆیلەئاسا بەسەر دەبات، بەبێ بوون وجێبەجێکردنی یاسایەکی پێشکەوتنخوازانە کە لەکاتی کارکردندا ژیانی پارێزراو بێت و لەکاتی بێکاری دا بیمەی بێکاری وتەندروستی بۆ دابین بکرێت، لەکاتی خانەنشینی و چوونەسەرەوەی تەمەنی دا ژیانێکی سەردەمی هەبێت.. پێویستە خەڵکی ناڕازی هەرچی زووترە خۆیان ڕێکخراو بکەن و لەتێکۆشانێکی هاوبەشی یەکگرتووانەدا بێنە مەیدان بڵێن ئیتر بەسە چەوسانەوە و نابەرابەری و دزی و گەندەڵی و گەشەدانی بێکاری و هەژاری، بڵێن ئەوجا نۆرەی خۆبەڕێوەبەری خەڵکە لەڕێگەی شوراکانی گەرەک و ناوەندەکانی کار و ژیانەوە. بەشێک لەکۆمەڵگەکان ڕۆژ لەدوایی ڕۆژ بەرەو هەژاری وبێکاری زیاتر دەچن لەجیهاندا، هەر ئێستا بە هۆکاری بێکاری و خراپتربوونی دۆخی ئابووریی ئێران، بەشێک لە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وباشووری کوردستان بۆ بژێوی ژیانیان ڕوویان لە کاری پڕ مەترسیی کۆڵبەریی کردووە، لە ئێستادا بووە بە دیاردە و چەندین نمونەی زیندوو بەردەستن. بەپێی زانیارییەکانی ناوچە سنوورییەکانی عێراق و ئێران، کاری کۆڵبەری لەناو ژناندا بەتایبەت لە ناوچەکانی پیرانشار، پاوە و سەلاس و باوەجانی پەرەی سەندووە. هەروەها لەچەند ناوچەیەکی باشووری کوردستان بەتایبەتی ناوچە سنوورییەکان کاری کۆڵبەری بەردەوامی هەیە بۆ ژنان وپیاوان. تەمەنی هەندێک لەو ژنانەی کاری کۆڵبەری دەکەن، لەسەرووی پەنجا ساڵەوەیە و هەندێکیشیان گەنج و تەنانەت خوێندکار یان دەرچووی زانکۆکانن. کاتێک دەسەڵات دەیەوێت بەرزبوونەوەی هەژاری وبێکاری چەواشە بکات خۆی لەڕێگەی دەستەو گروپ وڕێکخراوە سێبەرەکانییەوە بەدواداچوون وتوێژینەوە دەکات، دواتر خۆی چۆنی پێ باش بێت ئاستی توێژینەوەکە بڵاودەکاتەوە. ئەمەش بۆئەوەیە کە سەرنجی خەڵک بۆئەوە ڕابکێشێت کەدەسەڵات وحکومەت بەرنامەی چارەسەرو ڕیفۆرم جێبەجێ دەکات و چارەسەری بێکاری دەکات. لەئێران ساڵانە ڕێژەی بێکاری بەدواداچوونی بۆدەکەن وئاماری درۆ و چەواشەکار بڵاودەکەنەوە، بەڵام بەردەوام ڕێژەی هەژاری وبێکاری هەر لەبەرزبوونەوە وزیادبوون دایە.

لەعێراق بەهەمان شێوەی ئێران دەیانەوێت خەڵک چەواشە بکەن خۆیان ئامار بڵاودەکەنەوە. بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانی عێراق ئامارێکی سەبارەت بە ڕێژەی هەژاری لە پارێزگاکانی عێراق تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکردۆتەوە، بەپێی ئامارەکەش ڕێژەی هەژاری لە ساڵی ٢٠١٤، ٢٢% و پۆینت ٥ بووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ ئەو ڕێژەیە بۆ ٢٠% کەمبۆتەوە. لە ئامارەکەی وەزارەتی پلاندانانی عێراقدا هاتووە، ڕێژەی هەژاری لە پارێزگاکانی هەرێم بەراورد بە پارێزگاکانی تری عێراق کەمترە، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی هەژاری لە پارێزگای سلێمانی ٢% بەوەش کەمترین ڕێژەی هەژاری لە سلێمانیدا هەیە، لە پارێزگای هەولێر ٦% و پۆینت ٣یە و لە دهۆک ٨% و پۆینت ٥و لە کەرکوکیش٧% و پۆینت شەشە. لە پارێزگاکانی عێراقیش بەرزترین ڕێژە لە پارێزگای موسەننایە کە ٥٢% و پۆینت ٥، لە پارێزگای دیوانیە زیاتر ٤٤% و لە میسان ٤٢% و لە نەینەوا ٣٤% و لە ناسرییە ٤٠% و لە بەغداد ١٠% و کەربەلا و نەجەفیش ١٢%یە. لە بەشێکی تری ئامارەکەدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە، بەپێی ئەو پلانەی لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە داڕێژراوە، لە ساڵی ٢٠١٨ تا ٢٠٢٢ ڕێژەی هەژاری کەمدەبێتەوە بۆ ١٦% کارەسات ئەوەیە حکومەتی عێراق و باشووری کوردستان بەپێی پێوەرو یاسا نێودەوڵەتییەکان باس لەڕێژەی هەژاری وبێکاری ناکەن، خوێندکارانی زانکۆ و ژنانی ماڵەوە و مرۆڤە بەتەمەنەکان لەڕیزی بێکاری ئەژمار ناکرێت. بەڕاستی کارەساتەکە ئەوەیە لەئێستا لەهەرێمی کوردستان زیاتر لە( ١٨٠ ) هەزار دەرچوویی زانکۆ و پەیمانگاکان هەن و تائێستا دانەمەزراون و حکومەتیش هیچ هەلێکی کاری بۆ نەدۆزیونەتەوە. کەهەندێکیان زیاتر لەدە (١٠) ساڵە خوێندیان تەواوکردوەو بەبێ کاری لەماڵەوە دانیشتوون. هەروەها دەستفرۆشان وخاوەن عەرەبانەکان کەڕۆژانە ناتوانن پارەی سێ ژەمی خۆراکی خانەوادەکەیان پەیدابکەن یان کرێ خانووەکانیان بەبێ کێشەبدەن، لەبەر هەژاریان بەشێکیان لەلایەن خاوەن خانووەکانەوە بۆکرێ مانگانە لەکاتی خۆیدا کەناتوانن بیدەن لەبەر هەژاری تووشی کێشەو ناخۆشی دەبن، یاخود بەشکیان لەخانووەکان دەردەکرێن و ئەوانیش دەچنە سەرجادە وشەقامەکان کەلوپەلی ماڵەوەو خانەوادەکەیان دادەنێن، دواتر لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بانگەوازی خێرپێکردنیان بۆدەکەن. هەفتانە و ڕۆژانە لەکانەڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەوجۆرە خەڵکە هەژارو بێکارو هەژارە دەبیندرێن. مرۆڤە بەتەمەنەکان بەبێ ئەوەی ژیانیان لەلایەن حکومەتەوە دابین بکرێت و یان خانەنشینبکرێن یاخود بیمەی تەندروستی و دابینکردنی ژیان بۆدابین بکەن. ئەم بەشەی کۆمەڵگە کەمترین قسەی لەسەر دەکرێت، کەپێویستە هەروەک وڵاتانی پێشکەوتوو مرۆڤە بەساڵاچووەکان بەبێمەرج شوێنی ژیان و ژیانێکی شایستە بەمرۆڤی سەردەمیان بۆ دابین بکرێت، هەموو مانگێک مووچەیەکی تایبەتیان پێبدرێت کەبتوانن بەئاسوودەیی بژین. لەم بەدواداچوونەی حکومەتی عێراق مرۆڤە بەساڵاچووەکانی نەگرتۆتەوە. بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتی پێشکەوتووەکان بەم جۆرەیە کە هەر مرۆڤێک تەمەنی لەنێوان ساڵانی ١٧بۆ ٦٥بێت ئەوە ماوەی کارکردنێتی لەهەر دەوڵەتێک و وڵاتێکدابێت. بێکاری گەورەترین وکوشندەترین دەردی کۆمەڵگەیەو ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوەو دوور نییە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێر بڕوات. لەهەموو دونیا ئەرکی حکومەتە کە دەرچوانی زانکۆ پەیمانگاکان دابمەزرێنێت یان هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێ. لەهەرێمی کوردستان حکومەت هیچ پلانێکی نییە بۆ ئەم بەشەی کۆمەڵگە کە گەنج ولاوەکانن، کەلە ترۆپکی هێزو تاقەتدان و دەتوانن سودێکی زۆر بەکۆمەڵگە بگەیەنن. هەرزیادبوونێکی ڕێژەی بێکاری وهەژاری بەهۆی بەرزبوونەوەی گرانی و گەندەڵی ودزینی سەروەت وسامانی گشتی کۆمەڵگەوەیە کەدەبێتە هۆی بە دەوڵەمەندبوونێکی بێئەندازەی دەسەڵاتداران و دروستکردنی هێزێکی سەرکوتکاریش بۆ هێشتنەوەی هەژاری لە هەولێرو سلێمانیەوە تا بەغداو بەسرەو شارەکانی تری عێراق.

## هەنگاوەکانی چارەسەر:

هەموو لایەک باش دەزانن گەندەڵی ودزی وبێکاری وهەژاری بەهۆی هەبوونی سیستەمێکی چەوسێنەری بێ ڕوحمەوەیە، کەجگە لەپاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی وەک کەمینەی دەسەڵات هیچی تری ناوێت، هەتا ئەوجۆرە دەسەڵاتەش بمێنێت لەچەوسانەوەو دزی بەردەوام دەبن. تاکە ڕێگای چارەسەر بەدەست خەڵکی ناڕازی وبێکارو هەژار خۆیەتی، کەپێویست دەکات هێزی خۆیان ڕێکخراو بکەن بەپێی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان نەک پاراستنی هێزی دەسەڵات. لەئێستادا بێکاران وهەژاران وکرێکاران و زەحمەتکێشان زۆرینەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. دەتوانن بەڕێکخراوبوونیان باشترین کاریگەریان هەبێت بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی بۆهەمووان بەبێ جیاوازی. کەسەیری بڕیارو یاساکانی پەرلەمانی کوردستان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کەتەنها بۆ پاراستن وسوودی هەیە و بۆ بەگ و نەجیب زادەو سەرمایەدارو بەرپرسەکان دامەزراوە. خراپترین نموونەی دیار ئەوە بوو هەموو بەشەکانی پەرلەمان وحکومەت و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەبەرژەوەندی خۆیان و پلەی باڵاکان قەرارو بڕیاریاندا و جێبەجێیان کرد. بەرژەوەندی پلە باڵاکان و پلە تایبەت و خاوەن ئیمتیازاتەکان پەسەند کرد. ناوەرۆکی ئەم یاسایە هێشتنەوەی مووچەی بەرزو ئیمتیازاتەکانی مووچەخۆرە پلە باڵاو پلە تایبەتەکان و ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانە بە کەمکردنەوەی ڕێژەیەکی زۆر کەمی مووچەی خانەنشینی ئەم پلە باڵاو پلە تایبەتانەیە، کە ئەویش تەنها بۆ خۆڵکردنە چاوی هاوڵاتیان و مووچەخۆران و خانەنشینان ئەنجام دراوە. بەپێی ئەم یاسایە ئەوانەی کە ئەندام پەرلەمان و کارمەندی پلە باڵای حکومەت و پلە تایبەتن دەتوانن دوای تەواوبوونی ماوەی کارکردنیان بە مووچەیەکی بەرز بۆ هەتا هەتایە خانەشین بن بەبێ ئەوەی تەمەنی خانەشینی تەواوبکەن، لەکاتێکدا بەشی هەرەزۆری مووچەخۆران دوای نزیکەی ٣٠ ساڵ و زیاتر لە خزمەتکردن نزیکەی ٢٢٠ هەزار دینار وەردەگرن.

ئەم یاسایە لەلایەکەوە هەژاریی ڕەها بەسەر ئەو بەشەی کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ کە وەکو کرێکارو کارمەندی حکومەت کاردەکەن یان هاوکاری چاودێری کۆمەڵایەتی وەردەگرن یان خاوەن پێداویستی تایبەتن، لەلایەکی ترەوە مووچەو ئیمتیازێکی خەیاڵیش بۆ بەرپرسانی مشەخۆری حزبە دەسەڵاتدارەکان و ئەندام پەرلەمانەکان و پلە باڵاو پلە تایبەتەکان و بندیوار وکاسەلێس وماستاوچییەکانی خۆیانن کە بەدرێژایی ژیانیان ژیانێکی شاهانەیان بۆ دابین دەکات. هەروەک لەتەلەفیزیۆنەکانیانەوە دەرکەوت کە هەیە کراوەتە ڕاوێژکاری وەزیر ئالیک دەدات بەئەسپەکانیان یان بەچەندەها کەریشیان خانەنشینکردوون بەکورتی و بەکوردی بەئارەزوویی خۆیان تەخشان وپەخشانی بەسامان و پارەی زۆری کوردستانەوە دەکەن، پێویست دەکات خەڵکی ناڕازی سەری ئەوزێرابە دابخات چیتر خۆی زەلیل وکۆیلە نەکات، بەڕێکخراوبوونی خۆیان وەک دامەزراندنی یەکێتی بێکاران و ڕێکخراوی بێکاران بێنەمەیدانی تێکۆشان بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی چەوسێنەرو مافیائاسا کوردستان وعێراق. هێزی بێکاران بەشێکی فراوانە لەکۆمەڵگەی کوردستان وعێراقدا هاوشان لەگەڵ چینی کرێکار و زەحمەتکێشدا گوشارێکی بەهێزدەبێت بۆ شۆڕش وگۆڕانکاری، بائیتر بەس بێت لە واقعیەتی سەخت و تاڵی ژیانی ژێر سایەی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری قەومی ودینی. هەر ئەمڕۆی خوێندکارانی زانکۆ ئەگەری زۆرە ئەوانیش وەک هاوڕێ وخزم وکەسوکاری خۆیان کە وەک وان قوتابی وخوێندکار بوون، بەڵام ئەمڕۆ بێکارن، لەدوایی دەرچوونیان دیارە ئەم خوێندکارانەش دەچنە ناو سوپایی بێکارانەوە. بەڵام بۆچی لەئێستاوە جیاواز لەهاوڕێیانی پێشترتان بیرناکەنەوە، دەست لەناودەست دەست بۆ ڕێکخراوکردنی خۆتان نابەن وەک قوتابیان و خوێندکارانی زانکۆ دوور لە بەرژەوەندی حیزبەکان، شان بەشانی هێزی بێکاران وکرێکاران و دستفرۆشان، وەک خوێندکاران خۆتان ڕێکخراوبکەن بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی چەوسێنەر تێکۆشان بکەن. دەتواندرێت جۆری ڕێکخراوبوون لەجۆری کلاسیکی کۆنەخوازی بگۆڕن بەجۆری خۆبەڕیوەبەری یان شورایی یان هەرەوەزکاری بڕیارو ڕاسپاردەکانتان شورایانە بێت و کاری لەسەربکەن. ئێوەی گەنجان و لاوانی بێکارو خوێندکاران دەتوانن خۆتان و تەواوی کۆمەڵگەش لەو زەلکاوە ڕزگاربکەن کەبەهۆی دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە ڕۆژانە باجی قورس دەدات. باشترین نەخشەڕێگا تەنها تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی بێکاران و کرێکاران وچەوساوەکان و ئازادیخوازانە کە بتوانێ ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەدی بێنێت. بۆیە ئەگەر دەتانەوێ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەر بەدی بهێندرێت تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانە گەشە پێبدەن. بەجێبەجێ کردنی نەخشە ڕێگایەک کە جیاوازبێت لە سوونەتی خێڵایەتی و حیزبایەتی کلاسیکییەکان، هەموجۆرە کۆیلایەتییەک ڕەت بکاتەوە، ئەویش بە تێکۆشانی شورایی کە خەڵک خۆی ڕابەر و سەرکردەبێت لە دانانی یاسا و سیستەمی ژیانی کۆمەڵگەی دا. ئەگەر هەر کەمتەرخەمێک لەئازادیخوازو چەپ وکۆمونیستەکان هەبێت ئەوا جاریکتر خۆیان بەئاسانی کۆمەڵگە ڕاپێچ دەکەن بۆ دەستی هێزێکی تری بۆرژوازی و سەرمایەداری کەلەئەنجامی هەبوونی سیستەمی چەوسێنەرو دزو گەندەڵەوە بۆتە خاوەن سەرمایەو پرۆژەی بازرگانی، بەڵام ئەمجارە بەهۆی تەمبەڵی وکەم کاری لەبواری کاری هاوبەش و تێکۆشانی هاوبەش ویەکگرتووانەی چەپ وکۆمۆنیست و ئازادیخوازو یەکسانیخوازانەوە ئەوە ڕوودەدات کە دەرگا بۆ هێزە کۆنەپارێزو بۆرژوازییەکان بخەنە سەرپشت کە کاریگەریان زیاتر هەبێت لەسەرئایندەی کۆمەڵگە. بۆیە ئەگەر هەڵسوڕاوانی چەپ وکۆمونیست و ئازادیخوازو یەکسانیخوازان نایانەوێت جارێکی تر لەداهاتوو کۆمەڵگە بکەوێتە دەست هێزێکی بۆرژوازی و دینی کە لەداهاتوو بازرگانی بەگیان وچارەنووسی مرۆڤاکانەوە بکات دەبێت ڕاشکاوانە دەست بۆکارو تێکۆشانی هاوبەشی یەکگرتووانەی هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیست وچەپ وئازادیخوازو یەکسانیخوازان ببرێت، شان بەشانی خوێندکاران وکرێکاران وبێکاران وهەژاران وچەوساوەو خەڵکی ناڕازی کوردستان هەنگاو بۆ گۆڕانی سیستەمی چەوسێنەر بنێن ، دەسەڵات وئیدارەدانی کۆمەڵگە لەلایەن شوراکانی خەڵکەوە بەڕێوەببرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## پرسی ژن ؟



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە...
بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە
کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com

### ڕاپۆرتی بۆپێشەوە

# ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و میدیا لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان



. "لەمرۆدا ئەگەر تێبینی بکەین و وردبینەوە دەبین و دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەتوندوتیژی دژی ژنان بەردەوام لەزیادبووندایە و توێژەرێکی دەروونیش پێیوایە، لەکۆمەڵگەدا سەرجەم توندوتیژییەکانی دژی ژنان یەک جۆر کۆیان دەکاتەوە، ئەویش توندوتیژی دەروونییە، بەرپرسێکی ڕێکخراوی ژنانیش لە قەڵادزێ دەڵێت، ئەوان تەنها دەتوانن ژنان هۆشیاربکەنەوە و بەمافەکانیان ئاشنایان بکەن، بەڵام ناتوانن توندوتیژی کەم بکەنەوە. توندوتیژی دژی ژنان لەڕووی دروونییەوە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا توندوتیژییەکی شاراوەیە، دەکرێ بوترێت بەربڵاوترین شێوەی توندوتیژیشە، پسپۆرێکی دەرونیش پێیوایە ڕێگەچارەی دروستی بۆ دانەنراوە. دەربارەی هۆکارەکانی توندوتیژی، گەشاو فایەق چارەسەرکاری دەروونی پێی وایە توندتیژی دژی ژنان خۆی لەخۆیدا لەچوار فۆرمدا دەبینێتەوە، وەک توندوتیژی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەیی‌و سێکسی، ئەوی جێگەی سەرنجە سەرجەم جۆرەکانی توندوتیژی یەک جۆر کۆیان دەکاتەوە ئەویش توندوتیژی دەروونییە، ئەویش بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە تا ئێستا بەشێوەیەکی دروست بیری لەم جۆرەیان نەکردۆتەوە، هەروەها ڕێگەچارەی دروستیشی بۆ دانەنراوە ."گەشاو فایەق باسی لەوەش کرد :کاتێک توندوتیژی دژی ژنێک ئەنجامەدرێت یاخود دەکوژرێت، پێویستە سەرجەم کۆمەڵگە کۆدەنگ بن لەسەر سزادانی ئەنجامدەری ئەو کارە، بەداخیشەوە یاساکان دژی ئەو کەسانەی توندوتیژییەکەیان ئەنجامداوە مەتاتین، یاخود بەجۆرێک لەجۆرەکان نەیتوانیەوە سزایەکی توندی کەسی ئەنجامدەر بدات، ئەوەش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی توندوتیژی دژی ژنان، هەرچەندە باری کۆمەڵایەتی‌و خێزانییەکەش ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ بوونی توندوتیژی دژی ژنان، لەگەڵ ئەوەشدا پەروەدە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بۆیە دەکرێت لەقۆناغەکانی خوێندندا نەوەکان‌و خوێندکاران وا پەروەردەبکەن لەداهاتوودا دژی ژنان کە خۆی لەدایک‌و خوشک‌و هاوسەریان دەبینێتەوە توندوتیژی نەبن ."ئەو شارەزایەی بواری چارەسەری کاری دەروونی ئەوەشی خستەڕوو، "زۆرجار میدیا بەهۆی ئەو پەیامانەی لەبواری ژنان بڵاویکردوەتەوە بەبێ هەستکردن بەخۆی هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی توندوتیژی دژی ژنان بەردەوامی بووبێت ."سەبارەت بەڕۆڵی ڕێکخراوەکانی بواری ژنان کە تاچەند توانیویانە خزمەت بە پرسی ژنان بکەن، بەتایبەت کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان، گوڵخاتر ئبراهیم کە چالاکوانێکی مەدەنی مافەکانی ئافرەتانە و خاوەن پلەی وەزیفیشە لە سەنتەری ژنانی قەڵادزێ تایبەت بە بۆپێشەوە وتی:"ئێمە تەنها دەتوانین ژنان هۆشیاربکەینەوە لەڕێگەی ئەو خول‌و کۆڕو سیمینارانەی ئەنجامان داوە، کە چۆن بتوانن پارێزگاری لەخۆیان بکەن‌و بتوانن ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە، هەروەهاش لیژنەیەکی کۆمەڵایەتیمان هەیە بەردەوام بەدواداچوون بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن، کاتێک ژنێک لای ئێمە سکاڵایەک تۆماردەکات، ئەوا لیژنەکەمان بەدواداچوونی بۆدەکات‌و چەند جارێک لەگەڵ کەسوکاری دادەنیشێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، ئەگەر هەر چارەسەر نەکرا ئەوا پارێزەرمان هەیەو بێ بەرامبەر بەرگری لەکەیسەکەی دەکات ."دەربارەی بەردەوامبوونی توندوتیژی دژی ژنان، ئەو ئاماژەی بەوەکرد، "بوونی توندوتیژی دژی ژنان پەیوەندی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیەو لەهەموو کۆمەڵگاکانیشدا توندوتیژی بوونی هەیە، بەڵام لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت بۆیە ئەوان تەنها دەتوانن ژنان هۆشیاربکەنەوە." لای خۆیشییەوە سەفەر ڕەسوڵ لە گەشەپێدانی چالاکی لاوانی قەڵادزێ تایبەت بۆ پێشەوە وتی:"ڕێکخراوەکانی بواری ژنان تەنها بەشێوازێکی شکڵی کاریان کردووە، لەسەرپرسی ژنان، لەبەرئەوە کارکردنێکی گرنگ‌و ئەکتیڤ نەبووە، تاکو ژنان لەقۆناغێکەوە بباتە قۆناغێکی دیکە، تا ئێمە ببینین گۆڕانکاری گرنگ ڕویداوە، بەداخەوە هەندێک لەو ڕێکخراوانە ڕۆڵی ناچالاکیان گێراوە، بۆیە تەمەننا دەکەم ڕێکخراوەکانی بواری ئافرەتان لەنێوخۆیاندا میتینگ بکەن‌و کاری هاوبەش بکەن بۆئەوەی پێکەوە بەرنامەو پلانێک دابنێن، ژن کوشتن بەڕێژەیەک کەم بێتەوە هەمووان دڵمان پێیخۆش بێت ."سەفەر ڕەسوڵ ڕوونیشی کردەوە کە، " میدیا ڕۆڵێکی خراپی گێراوە لەپرسی ژناندا و نەیتوانیوە وابکات ژن پەروەردەبکات‌و مەعریفەیەکی باشی پێبدات بۆ ئەوەی بتوانێت منداڵێک پەروەردەبکات، کە لەداهاتوودا باوکێکی جەلاد دەرنەچێت، هەروەهاش کچەکەشی واپەروەردە بکات ستەم قبوڵ نەکات، لەکەسێک کە هاوسەری بێت یاخود برای، هەروەها میدیا تەنها باسی لەمافەکانی ژنان کردووە، بەڵام پێنەوتووە بەچی میکانیزمێک دەتوانێت وەریبگرێت ."

شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# ڕزگاربوون لە دەستی بەعس دوای ۲۹ ساڵ حوکمڕانیەتی کوردی

نووسینی: دانا مەنمی



دەمەوێت بە وتەیەکی جۆرج ئۆرویل دەست پێبکەم کە لە ڕۆمانی (مەزرای ئاژەڵاندا) پێماندەڵێت کە لە پشتی هەموو شۆڕش و شۆڕشگێڕێکەوە ئەگەری ستەمکاری هەیە .

دۆخی کورد دوای ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱ زۆر خراپتر بووە وەک لە پێش ڕاپەرینەکە، سەردەمی بەعس خەونی هەموو کوردێک و خەڵکی کوردستان نەمانی بەعس و زوڵم زۆرداریەکەی بوو، بەڵام خەڵکی تێگەیشتوو وشۆڕشگێڕە ڕووسپییەکان دوای ڕاپەڕین و نەمانی بەعس لەمرۆ ئەترسان، دوای ڕاپەرینە مەزنەکە یەکەمین شەق بەر بەرەی کوردستانی کەوت و هەر حیزبەو دوای بەرژەوەندییەکانی خۆی کەوت، ئەمرۆ فەزایەک ڕەنگڕیژکراوە بە ترس، ترس لە یەکتر ولە کۆمەڵگە، ترس لە دەسەڵات و سیاسییەکان، ترس لە یاریکردن بە کایەی ئابوری و بازرگانەکان، ترس لە سێکتەری تەندروستی و هەڵەی پزیشکی و دەرمانی بەسەرچوو، ترس لە دەزگای شاراوە و نهێنی و سەرکوتکەر، ترس لە نەمانی موچەو قەیرانی ئاو و کارەبا و نەوت و غاز و ...هتد و دواجاریش ترس لە نەخۆشی کۆرۆنا!

نیگەرانییەکانی خەڵک نیگەرانییە لە لاوازبوون و بەرتەسکبوونەوەی پانتاییەکانی ئازادیی و دەربڕینی بیروبۆچوونی ئازاد و لاوازکردنی پرەنسیپەکانی دیموکراسی!! و مافەکانی مرۆڤ و تەواوی ئەوبەڵین و بەها جوان و دانسقانەی کە شۆرش!! لە پێناویدا وەرچەرخا، نیگەرانی خەڵک نیگەرانییە لە دروستکردنی قەیران‌و نا ئارامی وبرسیکردن و نەبوونی هەلی کارو گرانکردنی نان و قوتی ڕۆژانەی خەڵک، نیگەرانی خەڵک نیگەرانییە لە کاولکردن و بەتاڵانبردنی ژێرخان و سەرخانی کوردستان، نیگەرانییە لە سیستەمی ئابوری سەربەخۆ کە موچەخۆرانی کوردستانی کردووەتە قوربانی سیاسەتی هەولێرو بەغدا، نیگەرانی خەڵک نیگەرانی لەئەفسانەی ریفراندۆم کە ناوەرۆکێکی بەتاڵ بوو پێگەی هەرێمی کوردستانی پاشەکشە پێکردو ئەزموونی سیاسی و حوکمڕانی و پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی کوردی تێک و پێکدا، نیگەرانی خەڵک نیگەرانییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم کە هیچکات ئامانجەکەی بۆ سەربەخۆیی نەبووە!

لەم ماوەی ۲۹ ساڵی حوکمرانیەتی دەسەڵاتی کوردیدا حیزبەکان تاکتیک بەکار دەهێنن و هیچ کەسایەتیەک بێ پێچ و پەنا ستراتیژێکی ڕوونی نەبووە بۆ دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆی کوردستان، بەڵکو بەزۆری هەر باس باسی پێکەوە ژیان و یەکپارچەیی عێراق و پێکەو ژیانی کوردو عەرەبە!! خۆئەگەر بەشەرمیشەوە باس کرابیت ئەو پەڕی لە سایەی ئۆتۆنۆمیەکی لەرزۆک و کەم دەسەڵاتدا بووە، دروستکردنی دەوڵەت پێویستی بەکارو ستراتیژو پرۆژەی نەتەوە سازییە، پێویستی بە هەبوونی ئیرادە هەیە، نەوەک کوردستان بکەیتە سەکۆی دژایەتی نێوخۆی هەرێمی و دەرفەت و دەستکەوتەکان لە بارببرێت وەک ئەوەی کە شۆرە سوارانی ریفراندۆم ئەنجامیان دا، هێشتا لافیتەکانی سەربەخۆی لێنەکرابونەوە لە شاروشارۆچکەکان ۱۸۰پلە بایان دایەوەو بانگەشەی گەڕانەوەیان بۆ باوەشی عێراق دەکرد!

حیزب و ئایدۆلۆژیاکەی یان پرۆسەی حیزبایەتی لە کوردستان هەژموونی بەسەر کۆی تێڕوانین و بیرکردنەوەکانی تاک و کۆمەڵگەدا هەیەو دەستکاریی خەبات و خەون و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکات، حیزب هەمیشە خەونی بەوەوە بینیوە کە وەزیفەی ڕۆشنبیرو مرۆڤی بەئاگا لەناو بەریت و لە بیرکردنەوەی بخات، حیزبی کوردی دەیەوێت ڕۆشنبیرو مرۆڤی هوشیار بکات بە تووتی و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا سەرمایە ڕەمزییەکەی بەکار بهێنێت، هەڵەی حیزبی کوردی ئەوەبووە هەرگیز دەرفەت و زەمینەسازی نەڕەخساندووە و هەوڵیشی نەداوە کە سوود لە دونیابینینی ڕۆشنبیرو مرۆڤی بەئاگا وەربگرێت.

ڕزگاربوون لە دەستی بەعس و زوڵم و زۆرداریی‌یەکەی گەیشتن بوو بە قۆناغێک کە بتوانیت تێدا خۆمان بەڕێوەببەین، خەلک چاوەڕێ بوو دوای ڕاپەڕین و روخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حوسێن دەسەڵاتێکی خۆماڵی باش کە تیایدا عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی هاووڵاتیبوون بنەماو پایەی سەرەکی بەڕێوەبردن بن، بەڵام دیارە دوای ڕاپەڕین و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس مەترسیەکان ساڵ لە دوای ساڵ زیاتربوون وعەقڵی سیاسی دەسەڵاتی کورد کە هەڵگری شەرعیەتی شۆرشگێرییە!! خراپترین شێوازی فەرمانڕەواییان لە کوردستاندا دامەزراند، ئێستاش دوای ۲۹ ساڵ لە کوردستاندا نە ئاسۆیەکی روون و نە بەرنامەو پرۆژەیەکی روون و نە ستراتیژی نەتەوەیی و نە پرۆژەی ئاییندەیی نییە و نابێت، عەقڵی سیاسی دەسەڵاتی کورد نە چاوی لە ئاییندەیەو نە بۆئاییندەش کاردەکات، بەڵکو هەموو شتێکی بۆ ئێستایەو لە پێناو خۆیدایە . ...

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...
ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

## بەشێکی تری لە (قەسیدەی ئاهێکی سەرد)



من تۆم نوسیە
کەچی باڵدە ئەفسانیەکان
لەسەر قەراغی
رۆحم ئاوازی
تەفرو تونا بونی منیان
دەخوێند
ئای خودایە چ گێژاوێکی پڕ
گێژاوە
ئەم هەناسە سەردانەی
من
چ بەسەر هاتێکی
سەیرە شکاندنی
شووشەی پەنجەرە
بێپەردەکەی من

دواتر وەك
خۆت دەتنوسمەوە
وەك خۆت
دەتخەمە چوار چێوەی
قەسیدەیەکی خۆمە وە
بەڵام لای
پەخشانێکی کەڵەگەتمە وە
جێتناهێڵم
ناشت کەمە دراوسێی
دیوانێکی
چاوو رەشم

بەیانیەکم پێ بلێ
ماچێکی تۆم تیا
نەنوسیبێتەوە
باوەشێکی تۆم تیا
نەرواندبێ
نیگایەکی تۆم پیا
شۆڕنەکردبێتە وە

بەیانیەکم پێ بلێ
لەژێر سێبەری هەناسە
یەکتا خۆم حەشار
نەدابێ و
خۆشترین خەوم بە
بەهەشتەوە نەدیبێ
بیرم لەفرینێکی ئەبەدی
نەکردبێتەوە

بەیانیەکم پێ بلێ
وەك خۆت
خۆتم
بەخۆت ناشت نەکردبێتەوە

ئاوێنەیەکم
بەلای سەرتەوە هەڵنەواسیبێ
شانەو قردێلەیەکم
لەخوار قاچتەوە دانەنابێ

بەیانیەکم پێ بلێ
بەسەر هاتی
چراو ئینجانەیەکی شکاوم
بۆ نەگێڕابیتەوە و
سەر پۆشی شەونمێکم لە
رۆحتەوە نەئاڵانبێ

بەیانیەکم پێ بلێ
گوێم نەنابێ بەلێدانی دڵتە
وە و
بەلای هەناستەوە دانەنیش
تبێتم
بەیانیەکم پێ بلێ
خۆتم بە
خۆت نەنوسیبێتەوە
خۆتم بەخۆت نەفراندبێ
خۆتم لەخۆتا دانەگیرساندبێ

بەیانیەکم پێ بلێ
پڕ بەخۆت خۆشەویستیم
نەکردبێ بە بەرتاو
ماچم لەگوڵە وەنەوشە بۆ
نەدروبێت

بەیانیەکم پێ بلێ
لەتەماشاکانا نەمرواندبێ و
لەخۆشیا ئاو
پرژێنم. نەکردبێتی
لەخۆشیا دامنەگیرساندبێ

بەیانیەکم پێ بلێ
لەخۆیا گریم نەدابێ و
لە خۆیا وەك شیعرەکانم
بەپەنجەرەی
رۆحما هەڵنەواسیبێ
بەیانیەکم پێ بلێ

میرزا ، کۆنگێڤ



# من ژنم

من ژنم ، گوێت لە قیژە و دەنگ و ناڵەم بێ
بە ژمارە هێندە زۆرم، وەلاَم نیێ ئاخر ناکرێ
زۆریش دەزانم کە بگەڕێمەوە دواو خۆدەرخەم
چونکە هەموو ئەوشتەم بیستووە پێشتر
هەروەها لەسەر زەوی و هەر لە دامێنیش دابووم
بۆیە ئیتر کەس ناتوانێت هەر لە دامێندا بم هێڵێتەوە.
ئەدی چۆن، بەڵێ من ژیرم
بەلاَم ژیریم لە ئازارەوە سەرچاوەی گرتووە
بەڵێ ڕاستە کە قوربانیم بۆی داوە
بەلاَم سەیرکە چەندە شتم بەدەست هێناوە
گەر پێویست بکا ،دەتوانم هەر شتێ بمەوێت بیکەم
چونکە من بە هێزم
بەهێزم
من هەرگیز لە شکان نایەم
لە شکان نایەم
من ژنم...
دەتوانی بم چەمێنیەوە بەلاَم ناتوانی بم شکێنی
هەر سوورم لەسەر بەدیهێنانی دوا ئامانجم
چونکە تۆ تاوانباری منت لە ناخما داکوتاوە
ئەی چۆن ، بەڵێ من ژیرم
بەلاَم ئەو ژیریەم لە ئازارەوە سەرچاوەی گرتووە
بەڵێ ڕاستە کە قوربانیم بۆی داوە
بەلاَم سەیرکە چەندە شتم بەدەست هێناوە
گەر پێویست بکات دەتوانم هەر شتێ بمەوێت بیکەم
چونکە من بەهێزم
من هەرگیز لە شکان نایەم
لە شکان نایەم،،،

Helen Reddy
وەرگێرانی بۆ کوردی: شوان عەزیز



# (سوڕی ژیان)*

وەرگێڕانی: ئەحمەد جوانکار


نەمرە باران ..
هەموو وەرزێ.
وردە جۆگەلەو
کانیاوەکان .. یە کدەگرنوو
ڕۆژەکان پێکدێنن..


زۆربە نەرمی بەرەو
ڕووباری هەفتەکان
هەنگاو دەنێن..
زۆربەخێرایی .. ئەڕوات بەرەوو
تاڤگەی مانگەکان..
دەریای ساڵەکان پێکدێ.

دەریاکان بە هەڵم دەبنوو
هەوری باراناوی
یەک یەک دەستئەگرن..
بە لێزمە .. باران
بەسەر وەردوو
زەوی وشکو
بەسەر لمدا دەباریٚ..
بەرەو تاریکی و
ڕۆخی زەوی شۆڕدەبێتەوە..

بەدوای سەرچاوەی
ژیانێکی تازەدا دەگەڕێ..
جارێکیتر کانیاوەکان
زە وی شە ق دەکە ن و
خورەخور .. دەستپدەکەنەوە

# دوو بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا





# چاوپێکەوتنی "بۆپێشەوە" لەگەڵ مزەفەری محمدی لە ڕابەرایەتی حیزبی حیکمەتیست- خەتی ڕەسمی، سەبارەت بە لێکەوتەکانی کوشتنی قاسم سلێمانی و گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران...

## بەشی دووەم و کۆتایی

__تێبینی:__ _وەڵامی ئەو پرسیارانە بەزمانی فارسی گەیشتبووە دەستی بۆپێشەوە، بەسوپاسەوە هەردوو هاوڕێ مستەفا یونسی و سەردار عەبدوڵا ئەرکی وەرگێرانەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان. لێرەوە جارێکی تر سوپاسی ماندووبوون و هاوکاریان دەکەین._

**بۆپێشەوە: بزوتنەوە کرێکاری و جەماوەرییەکان لە ئێراندا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێشتر دەچن. قووڵبونەوەی کێشەکانی ئێران لەناوچەکەدا چ تەئسیریکی لەسەر بزووتنەوەی عادلانەی جەماوەرو کرێکاران هەیە؟**

**مزەفەری محمدی:** جمهوری ئیسلامی لەهەمان کاتەکانی هاتنە سەرکارییەوە جەنگێکی پان و بەرینی سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی و عەسکەری لەدژی خەلکی ئێران دەست پێکردووە. جمهوری ئیسلامی لەماوەی ئەم چل ساڵەدا بەناوی پەرە گرتن و پەرەدان بە شۆرشی ئیسلامی لەم ناوچەیە و بگرە لە هەموو جیهاندا، پێکهێنانی بەرەی بەرەنگاری و دوژمنایەتی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسراییل وەک گوپاڵێک لەدژی نارەزایەتییەکانی خەڵک و بۆ بێدەنگ کردنیان، واتە بۆبەرژەوەندی ناوخۆیی دەسەڵاتی خۆی، بەکارهێناوە. ئایدیۆلوژی ئیسلامی یەکێک لەبنەماکانی پاراستنی ئەم دەسەڵاتەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، بەشی هەرەزۆری داهاتەکانی وڵاتی خەرجی پەرەپێدانی ئەم ئایدیولوژیە پیسەکردووەو هێزو بنەما ئابووریەکی زۆر بەهێزو بەتوانای پێکەوەناوە کە ئەنجامەکەشی ئەمرۆ لە هەبوونی کومەڵگەیەکی زۆر داماو و دە ست کورتدا دە بینین. کومە ڵگەیەکە زیاتر لە 60 ملیۆنی لەخوارەوەی هێڵی هەژاریدا دا دەژین. بێکاری و برسیەتی و هەلاواردنی ڕەگەزی تاکو هەڵاواردنی رەگەز پەرەستانە و بڵاوبونەوەی دزی و فزی، تریاک و فەحشا، فرۆشتنی پارچەیەکی لەش بۆ پارووە نانێک لە دەسکردە کانی ڕژیمێکن کە ناوی جمهوری ئیسلامییە.

**جمهوری ئیسلامی لەهەمان کاتەکانی هاتنە سەرکارییەوە جەنگێکی پان و بەرینی سیاسی، ئابووری، ئەمنیەتی و عەسکەری لەدژی خەلکی ئێران دەست پێکردووە. جمهوری ئیسلامی لەماوەی ئەم چل ساڵەدا بەناوی پەرە گرتن و پەرەدان بە شۆرشی ئیسلامی لەم ناوچەیە و بگرە لە هەموو جیهاندا، پێکهێنانی بەرەی بەرەنگاری و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسراییل وەک گوپاڵێک لەدژی نارەزایەتییەکانی خەڵک و بۆ بێدەنگ کردنیان، واتە بۆ بەرژەوەندی ناوخۆیی دەسەڵاتی خۆی، بەکارهێناوە ...**

لە ڕوانگەی جمهوری ئیسلامیدا شەڕی ئێران و عێراق کەبووە هۆی کوژرانی زیاتر لە یەک میلیۆن سەرباز و هێزە چەکدارەکان و خەڵکی شارو دێ و ماڵوێرانی و پەرەسەندنی هەژاری، بەرەکەتێکی خواپێداوی بوو. شەڕی کەنداو و ڕووخانی صدام حسین و پێکهێنانی بەرەی شیعەکان لە عێراق و پاشانیش پێکهێنانی هێزێکی بە کرێگیراوی وەک حەشدی شەعبی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی کارتۆنی لەقەوم و مەزهەبەکانی لایەنگر و بەردەستی خۆی، و دواییەکەشی کرینی بەشێک لە یەکیەتی نیشتمانی وە ک پیاو گوێ لەمشتەکانی خۆی لە کوردوستان، هەموویان وەک بەرەکەتێکی خواپێدراوی دەبینی. پاراستن و بەرگری لە بەشار ئەسەد بە خەرجێکی یەکجار زۆر لەسەر نان و دانی خە ڵکی ئێران، بە رەکەتێکە بۆی.

بەڵام چەندجار لەماوەی ئەم مێژووە تاوانکارانەیەدا و تاکو ئەمرۆ، جمهوری ئیسلامی زەبری چاک و قورسی بەرکەوتووە لە لایەن خەڵکەوە. بزووتنەوەکانی مانگی دی ماه لە 1396 (دیسەمبەر٢٠١٧)دا، ڕاپەڕینی زور بەهێزی کرێکارانی مەڵبەندە پیشەسازییەکان وەکو پولاد، پیتروشیمی، هەفت تپە، هەپکو، آزراب و ڕاپەڕینەکانی مامۆستایانی خوێندگەکان و خانەنشینەکان و شوفێری کامیونەکان و ... وە ڕاپەڕینیی ملیۆنەها کەس لەمانگی ئابانی 1398 ( نۆڤەمبەری ٢٠١٩)دا، زەبری قورسیان لە ڕژێم و هەموو دەسەلات وەشاند. بزووتنەوەی ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی لە ئێران دەستی پێکردووە.

ئەمە تەنیا جمهوری ئیسلامی نییە کە لەبەرانبەر ئەم بزووتنەوەیەدا ڕاوەستاوە. دەوڵەتی ترامپ و دەوڵەتەکانی تری ئەوروپای ڕۆژئاواش ئەم بزووتنەوەیەیان بەدڵ نییە و دەترسن شورشێکی تر لە ئێران سەرهەڵبداتەوە. هەر بەم بۆنەوەیە کە ترامپ بەردەوام دەڵێت دەیەوێت ڕژێمی جمهوری ئیسلامی بمێنێت. وە جمهوری ئیسلامیش وەڵامی بۆ کوشتنی قاسم سلیمانی و قارەمانە نەتەوەییەکەیان بە "زللەیەک"ی کە لەسەری رەنگە پێکهاتبن دەداتەوە. کێشە و شەڕە قسەی هەردوو لایەنی تیرۆریستی و پارێزەری میلیتاریزمی ناوچە، بۆ پێکەوە دانشیتن و سازانە.

ئەگەر جمهوری ئیسلامی نەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێگای ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، گرفتیان لەگەڵ یەکتر نییە و نابێ. نەموشکیلەیان لەگەڵ قە تلوعامەکان و کوشتنە بەربلاوەکان لە ١٣٦٠ (١٩٨٢)و نە ئیعدام و زیندان و سەرکوتەکان هەیە. ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەگەڵ شۆڕشی داهاتوودا موشکیلەیان هەیە. ئەمریکا و وڵاتە ئەوروپاییەکان لەترسی شۆرشی 1357(١٩٧٩) ی خەڵک لە ئێران خومەینیان هێنا و شایان لابرد. شۆڕشێک ئەگەر ئەم پێکهاتنەیان لەناودا نەبا ڕەنگ بوو ژێر پێی هەموویانی بۆش و کاول دەکرد. ئەمرۆش بۆیە لەترسی شورشێکی تر قسەی تێدا نییە کە جمهوری ئیسلامیان بەدڵترە و ئامادەن مل بە هەرجۆرە پێکهاتنێکیش بدەن. پیلان وهەولەکان بۆ پاراستنی یەک بەیەکی ئەم هەنگاوانەیە بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ئێستای ئێران لەدەست خەڵکی شۆڕشگێڕو ڕاپەڕیو. گومان لەوەدا نییە کە هەلومە رج و هەبوونی فە زای شەڕو میلیتاریزم و ملهوریەکانی هەردوولا کاریگەریان لەسەر بزووتنەوەی جەماوەر بۆ ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی داناوە و هێواشی دەکەنەوە. بەڵام ناتوانێ ئەم ئاگرە بکوژێننەوە. قارەمان دروستکردن و گە ورەکردنەوەی جمهوری ئیسلامیش لە پێناو ساردکردنەوەو دواخستنی ئەم بزووتنەوەیە وە ڕەخساندنی هەلە بۆیان. بەڵام ئەم هەمو هاتوهاوارە و خۆڵ بە چاوی خەڵک داکردنە دادەمرکێتەوە و دیسانیش ئەمە جمهوری ئیسلامیە و 60 ملیۆن ئینسان کە لەژێر هێڵی هەژاریدا ژیان دەکەن. جمهوری ئیسلامی ناتوانێ نیازە سەرەکیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بەدی بێنێت. هەر ئەم فەزای شەڕو زەبر لێکەوتن و زللە لێدانانە خۆی لەخزمەت ئەوەدایە کە بەری گرتووە بەو شەڕە گرینگەی کە لە نێوان دەسەڵات و خە ڵکدا دەستی پێکردووە. شەڕی ئەسڵی ئێمە لێرەیە. بزووتنەوەی ڕووخاندنی ڕژێم ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ نییە. چونکە هەژاری و سەرکوتگەری بنەی نایێت. ئەم بزووتنەوەیە دەبێ سەرکەوێت. ڕێگای ناوەندی بۆنییە. نەقەومی و ڕەگەزپەرەستی، نە مەزهەب کە لەوپەڕی شەرمەزاریدایە و نەئەڵقە ی بەرگری لە ناوچەدا، جمهوری ئیسلامی ڕزگار ناکەن .قاسم سلیمانی بەرلەوەی کە ئەمریکا بیکوژێ، لەلایە خەڵکی ئێران کە دەڵێن بۆچی خەرجی نان و دانی ئێمە دەکەیە دەست ڕاگەیشتن بە هێزەکانی سەر بەخۆت لە سوریا و عێراق و لوبنان و یەمەن و ...و لەلایەن خە ڵکی عێراقیشەوە بەدروشمی سەری مار لە ئێرانەو هێزە بە کرێگیراو دەسکردەکانی ئێران چیتر قەبووڵ ناکەین، وەلا نرابوو.. ئەگەر ئەم ڕووداوە هەندێک بزووتنەوەکەی خاوکردەوە بەڵام ئەسڵی کێشەی هەڵسوکەوتی خە ڵکی ئێران و عێراق لەگەڵ دەوڵەتەکانیان، کە دەیانەوێ برۆن، ناگۆڕێت.

**بزووتنەوەکانی مانگی دی ماە لە 1396 (دیسەمبەر٢٠١٧)دا، ڕاپەڕینی زور بەهێزی کرێکارانی مەڵبەندە پیشەسازییەکان وەکو پولاد، پیتروشیمی، هەفت تپە، هەپکو، آزراب و ڕاپەڕینەکانی مامۆستایانی خوێندگەکان و خانەنشینەکان و شوفێری کامیونەکان و ... وە ڕاپەڕینیی ملیۆنەها کەس لەمانگی ئابانی 1398 ( نۆڤەمبەری ٢٠١٩) دا، زەبری قورسیان لە ڕژێم و هەموو دەسەلات وەشاند. بزووتنەوەی ڕووخاندنی جمهوری ئیسلامی لە ئێران دەستی پێکردووە**

**بۆپێشەوە: سەبارەت بەم کێشانەی نێوان ئەمریکا و ئێران ئەرکی هێزە چە پ و کۆمۆنیستەکان لە عێراق و ئێراندا چییە؟**

**مزەفەر ی محمدی:** یەکەمین و گرینگترین ئەرکی هێزی چەپ و کۆمۆنیست و چینی کرێکار لە ئێران و عێراقدا ئەوە یە کە نەهێڵن ڕیزو هێزی چینی کرێکارو بەشمەینەتانی کومەڵگە ڕاپەریوەکانی ئێران و عێراق لەگەڵ ململانی و کێشەکانی هەموو ڕیزو هێزی بورژوازی و دەوڵەتەکان و هێزە نوێنەرەکانیان تێکەڵ بێت. دروشم و داخوازی "ڕۆژهەڵات ناوەڕاستێکی بێ شەڕو میلیتاریزم" ئەمە نیشان دەدات. ئەمریکا، ناتۆ، دەوڵەتە کۆنەپەرەستەکانی ناوچە وەک سعودیە و تورکیا و ئێران دەبێت لەم ناوچەیەوە بچنە دەرەوە. هێزە داردەستەکانیشیان دەبێ چەک بکرێن و خەڵک

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

چارەنووسی خۆی دیاری بکا. هەلومەرجەکە لە عێراقدا زۆر ئاڵۆزە. عێراق لەکێشەکانی ئەم دواییەدا بوەتە قوربانی. بوەتە مەیدانی گێرە و کێشەکانی نێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی و نۆکەرەکانی. هێزە قەومی و مەزهەبییەکانی شیعە و سوننی و کورد،

**لە ئێران لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە لەبەرانبەر ڕژێمێکی سەرکوتگەردا ڕاوەستاوین کە تێچووی کارە فراوانخوازەکانی لەسەر سفرەی خەڵکیە و هەژارییەکی زۆری سەپاندووە، ئێمە لەبەرانبەر ئۆپۆزیسیۆنێکی بۆرژواییش ڕووبەڕووین کە ئەم جەنگ و کێشانە بە قازانجی خەڵک دەزانێ بە ڕۆڵ و کاریگەری خەڵک بێ متمانەن ...**

هەرکامیان مانەوە و تێدا نەچوونیان بە کێشەو دوژمنایەتیەکانی دەوڵەتەکانی ئەمریکا، جمهوری ئیسلامی، تورکیا و سعودیە وە گرێی خواردوە. کێشەکانی ئە م دواییانەی نێوان ئێران و ئەمریکاش ئەم کێشەیە ی توندو زیاتر کردووە. گەڕانەوەی عێراق بو دەورانی پێکهاتنی نێوان گرووپە شیعەکان و سوننی و کورد و پێکهاتن لەسەر دابە شکردنی دەسەڵات و داهاتی وڵات لە نێوانیاندا زۆر سە ختترە ئێستا. ئەمریکاش تین و توانای پێشووی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکدەستی دیکەی قەومی – مەزهەبی و یە ککرتووکردنەوەی حیزب و هێزە قەومی– مەزهەبییەکانی نەماوە. ڕەنگە عێراق تووشی شەڕێکی ناوخۆیی نێوان قەومەکان و کورد، سوننی و شیعە و هەڵوەشانەوەی وڵاتەکە ببێت. تەنانەت لەوانەیە عێراق لە نێوان ناوچە شیعە و سوننی و کوردەکاندا دابەش... بکرێت. چینی کرێکار تووشی هەلومەرجێکی زور ئەستەم و تەنگی لێکترازانی کومەڵگەکەدا بووە.

ئە گەر دەوڵەتی ترامپ لەژێر گوشاری لایەنی شیعە و میلیشیای حەشدی شەعبی و موقتەدا سەدردا ناچار بەپاشەکشە لەبەغدا و بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراقدا بکرێت، لەوانەیە بتوانێت لەبەشی عەرەبی سوننی و کوردستاندا دامەزرێت. ئێستا باس لەوە دەکرێت کە ڕەنگە ئەمریکا ریفراندوم و سەربەخۆیی کوردوستان بەڕەسمی بناسێت و پێگە عەسکەرییەکانیشی بگوازێتەوە ئەم ناوچەیە. بەشداری نەکردنی نوێنەرانی قە ومە عەرەبە سوننیەکان و نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان لەهەڵبژاردنەکانی پارلەمانی قەومی–مەزهەبی عێراق سەلمێنەری ئەم ڕاستیەیە.

لە ئێران لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە لەبەرانبەر ڕژێمێکی سەرکوتگەردا ڕاوەستاوین کە تێچووی کارە فراوانخوازەکانی لەسەر سفرەی خەڵکیە و هەژارییەکی زۆری سەپاندووە ئێمە لەبەرانبەر ئۆپۆزسونێکی بۆرژواییش ڕووبەڕووین کە ئەم جەنگ و کێشانە بە قازانجی خەڵک دەزانێ بە ڕۆڵ و کاریگەری خەڵک بێ متمانەن. نەک هەر ئەوە، بەڵکو باوەڕیان وایە هەر ڕۆڵێکی خەڵک لەم نێوەدا بە زیانی سەرمایەداریی و سیستەمەکەیەتی لە داهاتوودا. بەم پێیە هەریەکێکیان لایەنگری لەیەکێ لەو دوولایەنە دەستدرێژی کارە دەکات بە جۆرێک خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵکەوە .

ئەمانە دەیانەوێ جمهوری ئیسلامی ئێران بەهۆی فشارەکانی ئەمریکاوە نەک بڕووخێت، بەڵکو ئاڵوگۆڕێک لە خۆیدا بکات. جمهوری ئیسلامی ببێتە بۆرژوازیەکی گوێگر و ببێتە بەشێک لە خێزانی بورژوازی جیهانی خۆشیان بەشدار بن تێدا یا دەیانەوێ جمهوری ئیسلامی بگوردرێ بەجۆرێک لە بۆرژوازی تر بەمانەوەی هەمان ئامێری ساسیی سەرکوت و دامودەزگای ئەمنی و پۆلیسیەوە. ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی هیچ گرفتیان نییە لەگەڵ هەمان دامودەزگای دادگەرایی و ئەنجومەنەکانی جمهوری ئیسلامی. ئەوان بە سوپا و تەنانەت بەشێک لە سوپای پاسداران پیاچونەوە دەکەن ئەگینا ئەوانە بە هەمان هێزی حکومەتی ئاییندەی دەسەڵاتە بورژواییەکەی خۆیان دەزانن. هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە کە قاسمی سلیمانی بە پاڵەوان و سەرکردەیەکە نوێنەری ئەوانیشە بۆ ئەو ڕژێمە سەرمایەداریەی ئەوانیشە بۆ ئێران کە بەرژەوەندی یەک پارچەیی خاک و نیشتمانی ئێرانی دەوێ.

بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی چەپیش هەن کە لایەنگری ئەمریکا دەکەن و ئەم شەڕو تیرۆریزم میلیتاریزمەی ئەمەریکا بە فشارێک دەزانن بۆ ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران، ئەم بەشە لە چەپ بە ئاشکرا یا بە نهێنی هیچ ڕەخنەیەکیان لە فراوانخوازی و تیرۆر ومیلیتاریزمەکەی ئەمەریکا نییە لە کوشتنەکەی قاسم سلیمانیدا، بەڵکو ئەوە بەقازانجی بزووتنەوەی ڕووخانی جمهوری ئیسلامی دەزانن. ئەمەش بۆ خۆی مەترسی و کۆسپە لە بەردەم بزووتنەوەی ڕووخانی جمهوری

**بەجێگەیاندنی (ڕۆژهەڵات ناوەڕاستێکی بێ جەنگ و میلیتاریزەکراو) لە گرەوی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕووخان و شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشمەینەتان لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێراندایە، بەبێ ئەوە خواستی ڕۆژهەڵاتی بێ میلیتاریزم و جەنگ و چوونە دەرەوەی هێزی دەوڵەتەکان و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا چەکدارەکان تەنها وەک شیعارو ئارەرزوو دەمێنێتەوە.**

ئیسلامیدا.

کۆمۆنیستەکان لەعێراق و لە ئێران دەبێ ئەم ڕاستیانە بگەیەنن بە فراوانترین خەڵکی هەردوو وڵات سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕووخانی جمهوری ئیسلامی کاتێ بەدی دێت کە سەری ئەم مارە پان بکاتەوە. وە سەربەخۆیی چینایەتی کرێکاران و زەحمتکێشان لەناو ئەم گۆڕانکاریانەدا بەم شێوەیە مسۆگەر دەکرێت.

٢– چ لە عێراق و چ لە ئێران خرۆشان و ڕاپەڕین و شۆڕشی خەڵک لە ئارادایە. مەرجی ئەو بزووتنەوەی ڕووخان و ڕاپەریوانە کە خواستێکی هاوبەشیان هەیە بۆئەوەی بەسەربەخۆیی چینایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بگەن ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی کرێکاری و کۆمەڵایەتی لە ڕیزی ئازادیخوازاندا کە جڵەوی سیاسەتێکی ڕۆشن و تاکتیکێکی دیاری کراو لە هەردوو وڵاتدا بە ئەستۆ بگرن. بەجێگەیاندنی (ڕۆژهەڵات ناوەڕاستێکی بێ جەنگ و میلیتاریزەکراو) لە گرەوی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕووخان و شۆڕشی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەشمەینەتان لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێراندایە بەبێ ئەوە خواستی ڕۆژهەڵاتی بێ میلیتاریزم و جەنگ و چوونە دەرەوەی هێزی دەوڵەتەکان و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا چەکدارەکان تەنها وەک شیعارو ئارەرزوو دەمێنێتەوە. هیچ هێزێک لەوانەی لە هەردوو وڵاتدان ناتوانن بە دوای بەرژەوەندی چینایەتی و ئازادی و ئاسایش و ئارامی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەوە بن.

شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵک لە عێراقدا دەسەڵاتی قەومی– دینی هێناوەتە چۆکدانان و ناچاری ئەوەیان کردوون واز بهێنن لە دەسەڵات، ئەوە هەنگاوێکی زۆر مەزنە، لە حالێکدا ئەوەی کە دەوڵەتی تازە بێت و حەشدی شەعبی گرێدراو بە ئێرانەوە هەڵوەشێنێتەوە جگە لە خۆشخەیاڵی هیچی تر نییە. نابێ ڕێگا بدرێ پاشماوەکانی دەسەڵاتە قەومی و دینیەکەی پێشوو خۆیان ڕێکخەنەوە و بە جۆرێکی تر بێنەوە و دەسەڵات بگرنەوە دەست و بە بەڵێن و پەیمانی درۆ خەڵک فریو بدەن و بیاننێرنەوە بۆ ماڵەوە. دەبێ وازهێنانەکەی عادل عەبدولمەهدی بۆ ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانەی خەڵک و گسکدانی هەموو پاشماوەکانی دەسەڵاتی سەرمایەداری چاو لێ بکرێ.

هەر بەو پێ یەی کە خەڵکی ڕاپەڕیوی عێراق دەڵێن سەری مارەکە لە ئێرانە. بە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕووخانی جمهوری ئیسلامی سەری ئەم مارەش پان دەکرێتەوە و ڕێگای سەرکەوتنی شۆڕش لە عێراقدا مسۆگەرتر دەبێت.

سەرەنجام سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوانە لە عێراق و لە ئێران دووبارە بەندە بە نەخش و دەخالەتی کۆمۆنیستەکان و باڵی چەپی کۆمەڵگەی پشت بەستوو بە جەماوەری ملیۆنی لە خەڵکی کرێکار و لاوان و ئازادیخوازانی تر. بەبێ ئەمە هیچ ئومێدێک بۆ دامەزراندنی ئاسایش و ئارامی و خۆشگوزەرانی لە عێراق و ئێراندا نییە.

٣– لە کۆتایدا ئەوە بڵێم هاوپشتی و بەیەکەوە گرێدانی هەردوو بزووتنەوەکەی عێراق وئێران وەک لە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بووەتە ئەرکی زۆر گرنگی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان و چەپی کۆمەڵگەی هەردوو وڵات. دەبێ وەها کارێک بکرێ کە هەر ڕاپەڕین و نارەزایەتیەک لە هەر یەک لەو دوو وڵاتە کاریگەری لەسەر ئەویتریان دا بنێت. ئەزموونەکان بۆ یەکتر بگوازرێنەوە و نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکان پێکەوە هاوڕا بۆ پێشەوە ببرێن.

بزووتنەوەی ڕووخانی جمهوری ئیسلامی ئێران بەتایبەت لەلایەن بەشی پێشرەوی چینی کرێکاری لە ڕووی ئاسۆو تاکتیکەوە بۆ خەبات لە چاو ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی عێراق لە پێشترە. شیعاری (نان، کار، ئازادی، بەرێوەبردنی شوراییی ) بووەتە شیعاری سەرتاسەری بزووتنەوەکە لە ئێران. دامەزراندنی شوراکانی کرێکاران و خەڵکی لە شوێنەکانی کارو ژیان لە گەڕەکەکانی شار، پێکهێنانی کۆمیتەکانی کۆمۆنیستی و کۆمیتە شۆڕشگێرەکانی خەڵکی لەلایەن حیزبی ئێمە وە لە دەستوری کاری کۆمۆنیستەکان چینی کرێکارو خەڵکی شۆڕشگێردایە. هۆشیاری و ئەزمونەکانی تاکتیکەکانی خەبات و ڕێکخراوبوون دەکرێ لە لایەن کۆمۆنیستەکانی عێراقەوە سوودی لێ وەربگیرێت وەک بگوازرێنەوە و بڵاوکرێنەوە لە کۆمەڵگەی ئێستادا وەک ئەلگۆ و ئەزمون چاویان لێ بکرێت. بەشی چەپی کۆمەڵگەی هەردوو وڵات بە تایبەت کۆمۆنیستەکان دەبێت خۆیان سەر بەیەک بەرە بزانن. پێشڕەوی هەر یەکێکیان بە پێشرەوی یەکتر چاو لێ بکەن و لە خزمەتی بەهێزکردنی یەکتردا بە کاری بێنن. هاوکاری و پێکەوەکارکردنی کۆمۆنیستەکانی عێراق و ئێران بە تایبەت حیزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وکوردستان و حیزبی ئێمە لەم هەلومەرجەدا زۆر پێویست و گرنگە.

**کانوونی دووەمی٢٠٢٠**



## ئیبراهیم محەمەد: پەرلەمان کاریکاتۆرێکە کە لای هەموو خەڵك ئاشکرایە، کە بڕیارە ئەسڵییەکان و ڕێککەوتنەکان لە پشتەوە و لە ژووری تاریکدا ڕێکدەخرێن و ئەندامانی پەرلەمانیش بێجگە لە لێبووکێك و مفتەخۆرانێك هیچی تر نین، بە دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە...

**گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ ئیبراهیم محەمەد یەکێک لە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی سەبارەت بە ٢٩ ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا...**




**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە کورستانی دوای ٢٩ ساڵ ڕاپەڕین، لەدژی ڕژێمی فاشیستی بەعس؟**

**ئیبراهیم محمد:** کوردستان لەدوای ٢٩ ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا، لەژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردیدا، وەک هەموو سیستەمێکی بۆرژوازی تر، دابەش بووە بەسەر دوو بەشی ئەسڵی کۆمەڵگەدا. بەشێک کە دەستی بەسەر هەموو سەروەت و سامانی سەرزەوی و ژێر زەویدا گرتووە و بەشێوەیەکی هەمەجی خەریکی کەڵەکەی سەرمایە و توندکردنی ملیۆنەها و بگرە ملیارەها دۆلارە لە بانکە نێودەوڵەتیەکاندا. ئەم چینە لە کەمینەیەکی کۆمەڵگە پێکهاتوون کە بە جۆرەها دەزگای سەرکوت و چەکدار دەستی بەسەر بەشەکەی تری کۆمەڵگەدا گرتووە.

لەولاشەوە بەشەکەی تری کۆمەڵگە کە لە زۆرینە پێکهاتووە و شەو و ڕۆژ دەنێتە سەریەک بۆ دابینکردنی پارووە نانێک و هەمیشە لە هەوڵی سەخت و دژواردایە بۆ بە زیندوو مانەوە. ئەم دوو بەشە، ئەم دوو چینە، هەمیشە لە پێکداداندان و ململانێدان کە هەر کاتەی بە شێوەی بەرز یان نزم خۆی نمایش دەکات.

لەم نێوەدا شتێک کە ناوی نراوە پەرلەمان و نوێنەرایەتی خەڵک، شتێک نییە جگە لە کاریکاتۆرێک کە لای هەموو خەڵک ئاشکرایە کە بڕیارە ئەسڵییەکان و ڕێککەوتنەکان لە پشتەوە و لە ژووری تاریکدا ڕێکدەخرێن و ئەندامانی پەرلەمانیش بێجگە لە لێبووکێک و مفتەخۆرانێک هیچی تر نین (جا بە دەسەڵات و بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە)

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان ٢٩ ساڵ بەر لەئێستا بە ئومێدی ئازادی و ڕزگاربوون لەستەم و چەوساندنەوە و بێمافی لەدژی ڕژێمی بەعس ڕاپەرین، بەداخەوە خەونەکانیان وەدی نەهات، هۆکاری ئەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئیبراهیم محەمەد:** خەڵکی کوردستان، هاوکات لەگەڵ هەموو خەڵکی عێراق، ٣٥ ساڵ لەژێرسایەی دیکتاتۆرییەتی بێ پەردەی ڕژێمی بەعسی سەرکوتگەرداناڵاندی، بە سەدان و هەزاران قوربانیدا و جۆرەها ماڵوێرانی بینی. لە فرسەتێکدا کە لەململانێی ئەمریکا و حکومەتی عێراقی ئەو کاتە، و بەسوودوەرگرتن لە لاوازیی ڕژێمی بەعس و بەدوای ڕاپەڕینی شارەکانی خوارووی عێراق بەتایبەتی بەسرە و بەغداد، خەڵکی کوردستانیش فرسەتی هێنا و هەموو دەزگا سەرکوتگەرەکانی ئەم ڕژێمەی لەناوبرد. لە قارەمانێتییەکی بێوێنەدا و لەماوەیەکی کورتی چەند ڕۆژەدا شارەکانی کوردستان لە ڕژێمی بەعس پاککرانەوە. خەڵک بە سنگی ڕووتەوە توانی یەکێک لە ڕژێمە هەرە هارو سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە و دەزگاکانی لە شارەکان وەدەرنێت. بەڵام بەداخەوە، لەلایەک بەهۆی بەندوبەستی هەمیشەیی ئەحزابی ناسیونالیستی یەکێتی و پارتی، هەم لەگەڵ وڵاتانی جیاجیای جیهان و ناوچەکە و هەم لەگەڵ خودی ڕژێمی بەعس، وە لەلایەکی ترەوە **بەهۆی خۆشخەیاڵی بە ناسیونالیزمی کوردەوە نەیتوانی ڕاپەڕینەکەی بەدوامەنزڵی شۆڕش بگەیەنێت و جارێکی تر هیوا و ئومێدی ئازادی تەسلیم بەم ئەحزابانە کردەوە و خەونەکانیان وەدی نەهات.**

جیا نەکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ئاسۆی ئینسانی و ڕزگاری خۆی و لە دەوری سیاسەتی سۆسیالیستی، لە ئاسۆ و بەرنامەی ناسیونالیستیی کورد وای کرد کە هیوا و ئامانجەکانی ڕاپەڕین هەر زوو بکەونە زەوی و نارەزایەتییەکان لێرە و لەوێ و بە شێوەی جیاجیا دەستی پێکردەوە. تەوەهومی گشتی خەڵک بە ئەحزابی ناسیۆنالیستی بەوەی کە ئازادی بۆ دابین دەکات و ژیانێکی ئاسوودەی بێ چەوسانەوەی بۆ بەدیدەهێنێت تەنها بوو بە سەرابێک و بە ئاسماندا ڕۆشت. بەداخەوە تا ئەمڕۆش، هەرچەندە باوەڕ بەوەی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەتوانێت داخوازییەکانی خەڵک دەستەبەر بکات ڕەویوەتەوە و خەڵک بڕوای بە بەرنامەی حزبەکان نەماوە، بەڵام هێشتا تەوەهوم بە ناسیۆنالیزم وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی سایەی قورسی لەسەر بیر و زهنی ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگەیە زۆرە و هێشتا شوێنی خۆی نەداوە بە بیری جیاکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆ، و ئاسۆی نارەزایەتییەکان هێشتا نەیتوانیوە شکافێکی قووڵ لە نێوان خەڵک و ئاسۆی بۆرژوازیی ناسیۆنالیزمدا دروست بکات و لێکی دابب‌ڕێت.

**جیا نەکردنەوەی ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە ئاسۆی ئینسانی و ڕزگاری خۆی و لە دەوری سیاسەتی سۆسیالیستی، لە ئاسۆ و بەرنامەی ناسیونالیستیی کورد وای کرد کە هیوا و ئامانجەکانی ڕاپەڕین هەر زوو بکەونە زەوی... تەوەهومی گشتی خەڵك بە ئەحزابی ناسیۆنالیستی بەوەی کە ئازادی بۆ دابین دەکات و ژیانێکی ئاسوودەی بێ چەوسانەوەی بۆ بەدیدەهێنێت تەنها بوو بە سەرابێك و بە ئاسماندا ڕۆیشت...**

**بۆپێشەوە: خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دا، بەدژی بەعس ڕاپەڕین و لە پێناو دەست ڕاگەیشتن بە ئازادیدا، بەعسیان وەدەرنا، خەڵکی کوردستان تاچەندە ئازادییان وەدەست هێنا؟**

**ئیبراهیم محەمەد:** ئەوەی خەڵکی تا چەندە ئازادییان بەدەست هێناوە، بە بڕوای من کەمێک ئاڵۆز و هەمەگیرە؛ بێگومان سەرەتا و دوای تێکشکانی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێم لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیوەوە، فەزایەکی ئازاد و کراوە بەدیهات، بەڵام دوای ئاوارەیی و زنجیرەی ڕاپەڕینەکانی دواتر و دوای کشانەوەی ڕژێم لە کوردستان و دیاریکردنی "ناوچەی ئارام" وردە وردە دەسەڵاتی کوردی بەناوی "بەرەی کوردستانی" و دواتر هەڵبژاردن و "حکومەتی هەرێم" و دابەشکردنی پەنجا پەنجای پارتی و یەکێتی...هتد، هێرش بۆسەر ئازادییەکان دەستی پێکرد و ئەم دەسەڵاتە لە هیچ شت سڵی نەکردۆتەوەو تا بۆی کرابێت، پێشێلی ئەم ئازادییەی کردووە و تاهاتووە بەرتەسکی کردۆتەوە. لەبەرامبەریشدا هەمیشە نارەزایەتییەکانی خەڵک بەربەست بووە لەبەردەمیدا و ئەم ململانێیە بە جۆرەها هەڵبەزو دابەزدا تێپەڕیوە، بۆیە جۆری ئەو ئازادییە و ڕادەی ئەو ئازادییەی کە خەڵکی کوردستان بەدەستی هێناوە، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەو سەردەمەی کە خەڵک لەژێر دیکتاتۆرییەتی ڕژێمی بەعسدا دەیناڵاند، هاوکات جیاوازیشی زۆرە لەگەڵ مانای فراوانی ئازادی. لەیاد دەرچوونی سەرکوت و پێشێلکردنی سەرەتاییترین مانای ئازادی لەسەردەمی بەعسداو خنکاندنی هەر نووزەیەک کە لە گەروو دەربچوایە زۆر ئاستەمە، من هەرگیز لەگەڵ ئەو عیبارەیەدا نیم کە هەندێ جار دەوترێت "سەردەمی حکومەتی بەعس باشتر بوو"، خەڵکی هەموو عێراق بە کوردستانیشەوە لەژێر سایەی دێوەزمەی بەعسدا تەنانەت هەناسەدانێکی ئارامیش بۆی سەخت بوو. ئەمە لە هەمانکاتدا ناتوانێت لەوە کەم بکاتەوە کە دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردیش هەتا بۆی کرابێت و بکرێت درێغی نەکردووە و نایکات لە پێشێلی ئازادییەکان، بەڵام هەروەک وتم زۆر جیاوازن. ئەوەش لەولاوە بوەستێت کە بەسترانەوەی دنیا بەیەکەوە و بوونی دنیا بە شارێکی گەورە دەوری زۆری دیوە لە چاوکرانەوەی جەماوەری خەڵک و جۆشدانی خەباتیان و وەستانەوەیان لە بەرامبەر پێشێلکارییەکان.

**بۆپێشەوە: دوای ٢٩ ساڵ لە وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، جیاوازیی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس چییە؟ حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان، بەدوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستاندا، بەڵێنی کردنی کوردستان بە بەهەشتیان دەدا، بنەمای ئەو بەڵێنانە چی بوو؟ بۆچی نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن؟**

**ئیبراهیم محەمەد:** ئەگەر لە یەک وشەدا بڵێم

بۆ لاپەڕە ١٣



## نوری بەشیر: قسەکردن لەمێژووی سێ دەیەی ڕابردوو لەکوردستاندا بەبێ قسەکردن لە ڕاپەڕین و شوراکان لە دەوری بەرجەستەی کۆمۆنیستەکان و جەماوەری ناڕازی و دژی ڕژێمی بەعس و بۆ دەسەڵاتداریتی خەڵك هاتنە مەیدان، مێژوویەکی ناتەواو شێوێنراوە.

## گفتوگۆی بۆپێشەوە لەگەڵ نوری بەشیر یەکێك لە هەڵسوراوانی بزوتنەوەی شورایی سەبارەت بە ٢٩ ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا...

**بۆپێشەوە: دوای نزیک بە ٣٠ ساڵ لە وەدەرنانی بەعس لە کوردستان، جیاوازی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس چییە؟ حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان، بەدوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستاندا، بەڵێنی کردنی کوردستان بە بەهەشتیان دەدا، بنەمای ئەو بەڵێنانە چی بوو؟ بۆچی نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن؟**

**نوری بەشیر:** لەبەرئەوەی نەوەیەکی تازە پێگەیشتووە لەکوردستان کەمتر بە مێژووی دەسەڵاتی حزبی بەعس و دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی ئەوکاتە ئاشنان، ئەم گەنجانە تەمەنیان لەنێوان ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ دەبێت، لەبەرئەوەی خۆیان لەناو هەلومەرجەکەدا نەبوون کەم تا زۆر ئەگەر مێژووی ئەو دەورەیەیان بیستبێت دەماودەم یان لەزمانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان و میدیاکانی ئەوانەوە قسەی لێکراوە یان مێژوویان نوسیوەتەوە و ئەوەش بەئارەزووی خۆیان و لەبەرژەوەندی دەسەڵاتی خۆیانەوە باسیان کردووە، هەربۆیە سەرەتا کەمێک لەسەر ئەو دەورانە قسە دەکەم.

ئێستا کە نزیکەی سێ دەیە بەسەر دەسەڵاتدارێتی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستاندا تێدەپەرێت، کە لەئەنجامی ڕاپەڕینی خەڵک لە دژی دەسەڵاتدارێتی دیکتاتۆری حزبی بەعس لەکوردستان هاتنە سەر دەسەڵات، هەر ئەو کات کە کۆمۆنیستەکان و ژنان و پیاوانی ئازادیخوازو داخ لەدڵ لە سیاسەت و کردەوەکانی حزبی بەعس ڕاپەڕین هەر دوای پاککردنەوەی شارەکانی کوردستان لە هێزە سەرکوتگەرەکانی بەعس، شوراکان لەکوردستان وەک دەسەڵاتدارێتی خەڵک دەستیان بۆ براو بزووتنەوەی شورایی وەک بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری لەکوردستاندا خەڵک پێی ئاشناو نزیک بوو، وە ترسی خستە دڵی حزبەکانی کوردایەتی پارتی و یەکێتی تا دەگاتە ئیسلامیەکان، لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەوانی خستبووە ژێر پرسیارەوە، بۆیە تا ئێستاشی لەسەربێت قسە لەسەر ئەم مێژووە ناکەن، وە هەتا زۆر ڕۆناچن بۆ دەسەڵاتدارێتی حزبی بەعس، لەبەرئەوەی هەریەکەیان لەگۆشەیەکەوە پەیوەندیەکی بەجۆرێک لەگەڵ حزبی بەعس و دەزگاکانی هەبووە.

قسەکردن لەمێژووی سێ دەیەی ڕابردوو لەکوردستاندا بەبێ قسەکردن لە ڕاپەڕین و شوراکان کە دەوری بەرجەستەی کۆمۆنیستەکان و جەماوەری ناڕازی و دژی ڕژێمی بەعس و بۆ دەسەڵاتداریتی خەڵک هاتنە مەیدان، مێژوویەکی ناتەواو و شێوێنراوە. هەر بۆیە هەر مێژوونوسێک ئەو مێژوو بنوسێتەوە و باسی دەوری شوراکان نەکات، ئەوە دەیەوێت مێژوو بەدڵی خۆی و دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بنوسێتەوە. بۆیە لێرەوەیە ئەگەر بێمەسەر پرسیارەکەتان لە جیاوازی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس چییە، ئەوا دەتوانین بڵێین:

> **دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بەهەموو باڵەکانیەوە سەرکوت و برسیکردنی خەڵکی کوردستانی کردووەتە بەشێکی سەرەکی لەکارنامەی خۆی و هەروەها شەریکە بەشی بۆرژوا ناسیونالستی ئیسلامی و میلیشیایی عەرەبیە لە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی عێراقدا. واتا ئەم دەسەڵاتەی ئێستا هەم لەسەروەت و سامانی خەڵکی عێراق دەخوات و هەم لەهی خەڵکی کوردستان...**

ئەو دوو دەورەیە هەم جیاوازی هەیە و هەم خاڵی لەیەکچونیش، سەرەتا ئەوەبڵێم ئەوەی گۆڕاوە لە عێراق و کوردستاندا تەنها دەموچاوەکانە، لە دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی قەومی عەرەبی حزبی بەعسەوە بۆ دەسەڵاتدارێتی بۆرژوا قەومی ئیسلامی میلیشیایی عەرەبی لەعێراق و دەسەڵاتدارێتی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی لەکوردستان، هەردوولایان دۆستی نزیکن و لە ئێستادا دەسەڵاتدارن، لەیەکچوون ئەوەیە کە هەردوو دەسەڵاتی ئەوکات و ئێستاش دەسەڵاتی بۆرژوا قەومی و نوێنەرانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەدارن و کەلێنی نێوان چینەکان لەهەردوو دەورەکەدا ئاشکرایە، واتا دەورەی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس و دەورەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی، کۆمەڵگە وەک کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کەلێنی چینایەتی نێوان دەوڵەمەندو هەژاران زۆر ڕوون و دیارە، ئەوەیش خەڵکانێکی کەم سەروەت و سامانی کۆمەڵگەیان لەبەردەستدایە و زۆربەری زۆری کۆمەڵگەش برسی و هەژار. دەسەڵاتی ئەوکات دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی دیکتاتۆری بێپەردەی عەرەبی بوو کە ڕاستەوخۆ سەرکوت و کوشتار و برسیکردن و جەنگی هەڵدەگیرسان لەدژی هەموو خەڵکی عێراق بە عەرەب و کوردەوە، بەڵام ئێستا لە کوردستان دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بەهەموو باڵەکانیەوە سەرکوت و برسیکردنی خەڵکی کوردستانی کردووەتە بەشێکی سەرەکی لەکارنامەی خۆی و هەروەها شەریکە بەشی بۆرژوا ناسیونالستی ئیسلامی و میلیشیایی عەرەبیە لە تاڵانکردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی عێراقدا. واتا ئەم دەسەڵاتەی ئێستا هەم لەسەروەت و سامانی خەڵکی عێراق دەخوات و هەم لەهی خەڵکی کوردستان.

ئەوەی بەجیاوازیەکان دەگەڕێتەوە لە ئێستای کوردستاندا هەلومەرجێکی ئاوەڵای سیاسی هەیە، ئەوەیە لەسەر ئاستی ناوچەکە هەلومەرجەکە گۆڕاوە و لە ساڵی ٢٠١١وە چەندین جار خەڵکی ناڕازای ڕاپەڕین و هاتنەمەیدان. لەباکوری ئەفریقا دەسەڵاتەکانی میسرو تونسی هێنایە خوارەوە و لە سودان بەهەمان شێوە و ڕژێمی بەعسیش ڕووخا لەلایەن ئەمریکاوە، لە کوردستان چەندان نارەزایەتی ئەنجامداوە و بە دروشمی نەخێر بۆ دەسەڵاتی کوردایەتیش هاتنەمەیدان. لەچەند مانگی ڕابردوودا لە لوبنان و عێراق و ئێرانیش دەسەڵاتەکانیان خستۆتە ژێر فشارێکی گەورەوە و عومەر حەسەن بەشیریان هێنایە خوارەوەو ئێستا بەناچاری بۆرژوازی خۆی دادگایی دەکات، حەریری لەلوبنان و عادل عبدولمەهدیان ناچار بە وازهێنان کرد. وە کوردستان نە دەوڵەتی سەربەخۆیە و نەبەشێکە لە وڵاتێکی جێگیری سیاسی، کوردستان لەلایەن ئەم نوێنەرانەی کوردایەتیەوە بە دوو زۆنی زەرد و سەوز دابەشکراوە، وە هەریەکە هێزی میلیشیای خۆی هەیە و حزبەکانی تر لەو بەینەدا یاری دەکەن، بۆیە دەسەڵاتەکەیان ناجێگیرە و خەڵکیش زۆر لێیان تورەو خۆشخەیاڵیان بەدەسەڵاتی کوردایەتی لاواز بووە، هەر بۆیە ئەم حزبانەی کوردایەتی ئێستا ناتوانن بەئارەزوی خۆیان بەردەوام سەرکوتی بێپەردە بکەن.

تا بە بەڵێنی حزبەکانی کوردایەتی دەگەڕێتەوە بەوەی کە کوردستان دەکەنە بەهەشت، ئەوە سەرەتای دەسەڵات و لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا وەعدە و بەڵێنێکە وەک باقی حزبە بۆرژوازیەکانی دنیا خۆڵ دەکەنە چاوی خەڵک تا دەستیان لەدەسەڵات گیردەبێت. بەڵام لەباری واقعیەوە کوردستان بۆ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی و گۆڕان و ئیسلامیەکان و سەرۆک و لێپرسراوان و ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکان و سەرمایەداران و مەلاو شێخەکانی دەوریان بەهەشتە و هەرچی سەروەت و سامانی کۆمەڵگە هەیە لەچنگیاندایە و بەئارەزووی خۆیان سەرف دەکەن و سەفەرو سیاحەتی پێوە دەکەن بۆخۆیان و خێزانەکانیان.

بەڵام لەولاوە کوردستان بۆ خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە لە مامۆستا وکارمەند و کاسبکارو بێکارو لاوان و ژنان جەهەنەمە. هەرلەبەر ئەمەیشە نەک نەیانتوانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان وەدی بێنن، بەڵکو نایانەوێت و لە بەرنامەیان نییە، لەبەرژەوەندی دەسەڵات و میلیشیاکانیان نییە، لەبەرئەوەی دەسەڵات و ماهیەتی سیاسەت و کارنامەیان نوێنەرایەتی خەڵک ناکەن تاکو داواو خواستەکانی خەڵک بەدیبهێنن.

ئەم حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی وەک هەموو حزبە بۆرژوازیەکانی ناوچەکە، وەک حکومەتی میلیشیاکانی عێراق، جمهوری ئیسلامی ئێران، ئۆردوگان، بەشار ئەسەد، نوێنەری خەڵک نین بەڵکو لەسەر ژیان و خوێنی خەڵک دەژین.

**بۆپێشەوە: لەدڵی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، چەپ و کۆمۆنیستەکان هاتنە مەیدانی بەکردەوە، و بزوتنەوەی شوراییان وەڕێخست، ئەمە چۆن بوو؟**

**نوری بەشیر:** هاتنەمەیدانی کۆمۆنیستەکان و چەپەکان و خەڵکی کرێکارو ئازادیخوازی کوردستان لەڕاپەڕین و دوایی وەرێخستنی بزوتنەوەی شورایی هەر لەخۆوە و دیاردەیەکی کوتوپڕی ئەوکاتە نەبوو، بەڵکو بەرئەنجامی هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری کۆمەڵگای کوردستان و عێراق بوو، کە کەلێنی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان وەک کۆمەڵگەکی شاری و فراوان بووبووەوە و لەدڵی ئەو هەلومەرجە سیاسی و ئابووریەدا کۆمۆنیستەکان لەدەرەوەی سیاسەت و قەڵەمڕەوی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵاتی حزبی بەعس بەدەیان گروپ و ڕێکخراوی مارکسی هەبوون کارو چالاکیان دەکرد و بەرچاو بوون.

بۆیە کاتێک فرسەتێک هەڵکەوت بەرئەنجامی هەلومەرجێکی جیهانی و ناوچەیی، ڕاپەڕین لە جنوب و کوردستان دروستبوو کۆمۆنیستەکان لەژێر کاریگەری کۆمۆنیزم و مارکسیزمی شۆڕشگێڕی ئێراندا بەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی ئێراندا، توانیان بەئامادەییەکی زیاترەوە بێنەمەیدان و لەدڵی ئەو هەلومەرجەدا دەستبەرن بۆ شوراکان.

شوراکان وەک دەسەڵاتدارێتی جەماوەری کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە کە کۆمۆنیستەکان

لەپێشەوەی بوون، وەک هێزێکی جەماوەری بەرفراوان کە ڕیزێکی... فراوان لەژنان و پیاوانی تورە لەرژێمی فاشیستی بەعس و لاوانێکی زۆر لە کچان و کوڕان لەشوێنی کارو ژیاندا لەگەڕەکەکان بە بانگەوازی کۆمۆنیستەکان کۆبوونەوە لەدەوری یەک، و لەرێگای کۆبوونەوە گشتیەکانەوە شوراکانیان سازدا.

ئەم شورایانە بۆیەکەمین جاربوو لەمێژووی کوردستاندا و لەدەرەوەی قەڵەمڕەوی ناسیونالیزمی کوردا هێزێکی وا بێتە مەیدانەوە بە پێچەوانەی کارنامە و بەدیلی حزبەکانی کوردایەتیەوە کە تا ئەوکات ساحەی سیاسی کوردستانیان داگیرکردبوو. بۆیە شوراکان هەموو ئەو حزبانە و لەسەرو هەموویانەوە یەکێتی و پارتی ترساند و تورەی کردن و هاوپەیمانیان دژی شوراکان دروستکرد و کەوتنە پڕوپاگەندە بە دژی شوراکان و پاشەکشە پێکردنی.

ناڕەزایەتیەکانی ڕۆژانەی خەڵک و لاوان لەکوردستان زۆر بەرچاوە، تا دەگاتە ئەوەی کە لاوان لەداخی دەسەڵاتی ئەو حزبانەی کوردایەتی کوردستان بە گرتنەبەری ڕێگای هاتوو نەهات جێدەهێڵن، هەتا میدیا چەواشەکارەکانی خۆیان ناتوانن ناڕەزایەتییەکان پەردەپۆش بکەن. ئەگەر کەسێک و مێژوونوسێک ڕاستگۆیانە مێژووی ئەم دەسەڵاتە بۆرژوازیەی کوردایەتی بنوسێتەوە، ئەوا دەبێت مێژوو و ئاماری تالانکاری، تیرۆری ڕۆژنامەنوسان، ئازادیخوازن، کۆمۆنیستەکان، تیرۆی ژنان، وازهێنانی منداڵان لەقوتابخانە و ڕەوانەی بازاڕی کارو عەلاگە فرۆشی، خۆشخزمەتی بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و پێشلەشکری بۆ هێزە دڕندەکانی عێراق، تورکیا و ئێران ئاماژە پێبدەن، نموونەکانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦ و پێشلەشکری بۆ هێزەکانی حکومەتی بەعس، پێشکەوتنی دەبابەکانی تورکیا لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ کوردستان، ١٦ی ئۆکتۆبەر و پێشلەشکری بۆ

شارەکان لەحزبی بەعس پاکرانەوە ئەوسا ئەوان هاتنە ناوەوە، ئەمە تەنها قسەی من و خەڵکیش نییە، بەڵکو قسەی زۆرێک لەسەرانی یەکێتی و پارتی بوو کە وتیان کاتێک ئێمە لە مەرزەکانەوە هاتینەوە، شارەکان لە هێزەکانی بەعس پاککرابوونەوە.

خاڵێکی تر دەوری سلبی ئەوان لەشاخدا و لەشەڕی ناوخۆیی و کوشتاری یەکتری و کارنامەی " شەڕ، مفاوەزات، شەڕ" یان لەگەڵ ڕژێمی بەعس و خۆخزانە باوەشی وڵاتانی ناوچەکە و بینینی ئەوەی کە ئەوان هەموو شتێکن و خەڵک لەشارەکان هیچ نین، ڕاپەڕین ئەوەی پێچەوانە کردەوە و کۆمۆنیستەکان و چەپەکان لەکوردستان بەجیا لەوەی کەوتبوونە بەر هێرشی ڕژێمی بەعس و زۆرێکیان لەزینداندا بوون، بەڵام لە شارەکاندا چالاک بوون و لە پێش ڕاپەڕین کۆمیتەکانی ڕاپەڕینیان دروستکرد و لەپێشەوەی هێرشەکاندا بوون کە ڕژێمی بەعسیان لە کوردستان وەدەرنا.

**بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە کرێکارو کەمدەرامەت لە مامۆستا، کارمەند، کاسبکار و بێکار و ژنان و لاوانی کوردستان لەم دەسەڵاتە تالانچی و مافیا و گەندەڵکارانە رزگاریان ببێت، دەبێت وشیارانەتر بێنە مەیدانەوە، واتە لە خۆشخەیاڵی بە ناسیونالیزمی کورد، بەهەموو حزبە ڕەنگاوڕەنگەکانی بە سیاسەت و کارنامەی، بە شیعار و دروشم و بەڵێنەکانی، بە مقەدەسات و پیرۆزی و سەوابتەکانی ئەوان خۆیان ڕزگار بکەن.**

ڕاستە ماوەی شوراکان کورت و کەمبوو وە لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە پاشەکشەی پێکرا، بەڵام مۆری خۆی دا لەکۆمەڵگەی کوردستان وەک بزوتنەوەیەک لە تەرح و پێشنیاری کۆمۆنیستی و کرێکاریی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

**بۆپێشەوە: ئەوانەی مێژوو دەگێڕنەوەو دەنووسن، بە دەگمەنیش باسی بزوتنەوەی شورایی ناکەن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**نوری بەشیر:** ئەمەوێت تاکیدێک لەوە بکەمەوە نوسینەوەی مێژووی سێ دەیە و چواردەیەی کوردستان بەبێ باسکردن لە دەوری کۆمۆنیستەکان و ڕاپەڕین و بزوتنەوەی شورایی کارێکی ناتەواوە و تەنها دەبێتە مێژووی هەڵگێڕاوە و چەواشەکاری کە ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی کوردایەتی و ڕۆشنبیرە ناسیونالیستەکانی نان بەنرخی ڕۆژ فرۆشەکان دەستی بۆ دەبەن، کە ئەو مێژووە ناتەواو و لەبەرژەوەندی خەڵک نییە.

بەڵام ڕاستیەک بۆخەڵکی کوردستان ڕۆشنە کە ئەو مێژووەی ئەوان دەینوسنەوە و قسەی لەسەر دەکەن، ناتوانێت کارنامەی ڕۆژانەیان لە ژیانی دوو نەوەی کوردستاندا یان ئەگەر ٢٠ ساڵی ڕابردوو لەبەرچاو بگرین بشارێتەوە و بیشێوێنن، کە هەمووی لەبەردەستی خەڵکی و بەتایبەت لاوانی کوردستاندایە، کە ڕۆژانە نەفرەتیان لێدەکەن لەبەرئەوەی بە خوێن و گۆشتی خۆیان تەجروبەی دزی، گەندەڵی، تالانکاری، فەساد، نایەکسانی، سەرکوت، تیرۆرو نۆکەریان بۆ وڵاتانی ناوچەکە و ئەمریکا بەچاوی خۆیان بینیوە و تاقیکردووەتەوە.

حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی جمهوری ئیسلامی ئێران و تەسلیم کردنەوەی نیوەی خاکی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزی و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی نەک بۆ خەڵکی کوردستان بۆ دنیا شاراوە نییە.

کۆتا قسەم لەسەر ئەوانەی مێژوویان بەوشێوەیە نوسیوەتەوە کەباسی شوراکان و ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتیان نەکردووە ئەوەیە، ئەوە مێژوویان شێواندووە و لەبەرژەوەندی ئەو هێزانە نووسیویانەتەوە کە ئێستا خەڵک نەفرەتیان لێدەکەن. ئەو مێژووە نوسراوەیە مێژووی دژی خەڵکیە، هەر وەک دەسەڵاتی ئێستا دەسەڵاتی دژی خەڵکیە.

**بۆپێشەوە: بزوتنەوەی شورایی تەمەنی کورت بوو، بەڵام دیاردەیەکی نوێ و جێگای پێشوازی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بوو. هۆکانی ڕوهێنانی خەڵکی بەشمەینەت بۆ شوراکان چی بوو؟!!**

**نوری بەشیر:** هۆکاری ڕوهێنانی خەڵکی بەشمەینەت لە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ شوراکان دەکرێت لەچەند لایەنەوە قسەی لەسەر بکەین. سەرەتا ڕاپەڕین دەوری بەرچاوی کۆمۆنیستەکان و خەڵکی ناڕازی و لاوانی توورە لەدەسەڵاتی بەعس لەشارەکانەوە دەستی پێکردو خەڵک ئەو هێزەی بینی کە ڕاپەرینی شاریی بوو، بەپێچەوانەی ناسیونالیزمی کورد کە خەباتی شاخ و دابڕان لەناڕەزایەتی جەماوەری کردبووە بەرنامەی خۆی بۆ ئەوەی دەسەڵات لە قەڵەمڕەوی خۆیدا بێت. خاڵێک کە دەورو کارکردی پارتی و یەکێتی کە تا ئەوکات لە مەرزەکان و لەئێران توند بووبوون دەورێکی وایان نەبوو تا ئەوکاتەی ڕاپەڕین ڕوویدا و

بانگەوازی شواراکان و داواکاری خواستی سەرەکی "نان، کار، ئازادی و حکومەتی شورایی" و هەروەها ئەنجامدانی کۆبوونەوەی گشتی لەگەڕەکەکان و کارگەکاندا بۆ بەشداری خەڵک لەچارەنوسی خۆیاندا، ئەوانە وایان کرد زۆربەری خەڵکی لەدەوری شوراکان کۆببنەوە.

**بۆپێشەوە: کۆتاییهینان بەدەسەڵاتی سەکوتگەرانەو تالانچی نزیک بە سێ دەهەی بزوتنەوەی کوردایەتی لە گرەی چیدایە؟**

**نوری بەشیر:** ئەم پرسیارە زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام دەکرێت بڵێین کۆتایهێنان بە دەسەڵاتەکانی حکومەتەکانی ناوچەکە لەگرەوی چیدایە، بۆ دەسەڵاتدارێی کوردستانیش هەمان شتە، ئەگەرچی تا ١٧ی شوباتی ٢٠١١ لەکوردستاندا سەختربوو وەک لەوڵاتانی ناوچەکە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، کە یەکێک لەوانە خۆشخەیاڵی خەڵک بەدەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد و چەواشەکاریەکانی، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگە و لاوان، نەک تەنیا تەجروبەی ٣٠ ساڵ لە دەسەڵاتدارێتی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردایەتی لەبەردەمدایە، وەک ئێوە دەڵێن لەسەرکوت و تالانچێتی، کە خەڵک بەکردەوە بۆی دەرکەوت کە کاتێک برسی بکرێت، سەرکوت بکرێت، لەبەردەم زیندان و لێدان و کوشتن و تیرۆردا بێت، سەروەت و سامانی کۆمەڵگە بەتالان ببرێت و خەڵک خۆی خێزان بەهاوسەرو منداڵەکانیەوە برسی بێت، چ دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی عەرەبی و ئێرانی و تورکی ئەنجامی بدات، یان دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کوردی ئەنجامی بدات وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین، بۆخەڵک هیچ جیاوازی نییەو یەک چارەنوسە. واتە خەڵک کەمێک لە خۆشخەیاڵیەکانی نەماوە، واتە

باشترە لە ساڵی ١٩٩١ لەدەورەی شوراکان و هەڵبژاردنەکانی ئەوکات، کە ئێمە بانگەوازمان دەکرد و دەمانوت حزبەکانی کوردایەتی و لەسەرویانەوە پارتی و یەکێتی نوێنەری سەرمایەداران، شێخ و مەلاو مشەخۆرانن، بەڵام ئێستا زۆربەی خەڵکی کوردستان قسەکانی ئێمە دەکەن.

هەربۆیە خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کرێکاران و کەمدەرامەتی کۆمەڵگە لەم سی ساڵەدا و بەتایبەت لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ وە پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە کە نەفرەت لەدەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و ئیسلامیەکان بە حکومەتی بنکە فراوانەکەیان و ئێستای حکومەتە سێ کوچکەکەی پارتی و یەکێتی و گۆڕان دەکەن.

بەڵام هێشتا ئەم نەفرەتە کافی نییە، بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بە کرێکارو کەمدەرامەت لە مامۆستا، کارمەند، کاسبکار و بێکار و ژنان و لاوانی کوردستان لەم دەسەڵاتە تالانچی و مافیا و گەندەڵکارانە رزگاریان ببێت، دەبێت وشیارانەتر بێنە مەیدانەوە، واتە لە خۆشخەیاڵی بە ناسیونالیزمی کورد، بەهەموو حزبە رەنگاوڕەنگەکانی بە سیاسەت و کارنامەی، بە شیعار و دروشم و بەڵینەکانی، بە مقەدەسات و پیرۆزی و سەوابتەکانی ئەوان خۆیان ڕزگار بکەن.

واتە خەڵک دەبێت لەدەرەوەی حزبەکانی کوردایەتی و سیاسەتی ناسیونالێزمی کورد بێتەمەیدان، هەروەک ئێمە کۆمۆنیستەکان چۆن لەپێش ڕاپەرینەوە لەهەموو سیاسەت و سونەت و کارنامەی ناسیونالیزمی کورد خۆمان جیاکردەوە و لەبەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتەوە راپەڕینمان ئەنجامدا و دەستمان بۆ شوراکان برد، خەڵک دەبێت ئەم کارە بکات، ئەمە لایەنێکە.

لەلایەکی ترەوە خەڵک دەبێت وشیارانە خۆی ڕێکخراو بکات، خۆی لە حزبی سیاسی بەئاسۆی کرێکاریی و کۆمۆنیستی بێتەمەیدان و خۆیان ئامادە بکەن. خەڵک زەرورە ریێکخراوبن لە شوراکانی گەڕەک و کارگەکان و قوتابخانەکاندا خۆیان ڕێکخراو بکەن و نوێنەرانی ئەمان لە شوراکانی شار دامەزرێنن و نوێنەرانی شارەکان شورای وڵات دامەزرێنن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە.

دەرسەکانی چەند مانگی ڕابردووی سودان، لوبنان، عێراق، ئێران و تا دەگاتە دەرسەکانی میسر و تونس و ١٧ شوباتی کوردستان، ئەوەیە کە خەڵک دەبێ بە ئاسۆی کۆمۆنیستی و کرێکارییەوە بێنەمەیدان بۆ داواکاری و خواستەکانیان، هەر بەم ئاسۆیەوە خۆیان ڕێکخراو بکەن لە حزبی سیاسی و لەدەوری شوراکان. بەبێ ئەو ڕێکخراوبوونە ئەوە بۆرژوازی دەسەڵات، چەک، سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی لەبەردەستدایە و سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان دەبێتەوە و حزبی سیاسی تر بۆ ڕزگاربوونی دەسەڵاتەکەیان دروست دەکەن، بەتایبەت خەڵک دەبێت لە خۆشخەیاڵی باڵە رەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی ڕزگاری ببێت و بەریزی سەربەخۆی خۆیەوە بێتەمەیدانی ناڕەزایەتی بۆ خواست و داواکاریەکانی بۆ ئەوەی ئایندەیەکی باشتر لە بەرژەوەندی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت بەدەست بهێنێت.

## درێژەی... گفتوگۆ لەگەڵ ئیبراهیم محەمەد...

جیاوازی سەرەکی نێوان دەسەڵاتی بەعس و دوای بەعس، تەنها نەمانی دیکتاتۆرییەتی ڕەهایە، کە لەلایەن ڕژێمی دڕندەی بەعسەوە پیادە دەکرا. بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتی کوردی نەیویستووە و نایەوێ وابکات، بەڵکو لەزۆر توندپێچدا هەوڵی جدیشی داوە کە لاسایی بەعس بکاتەوە، کە هەندێجار توانیویەتی بەشێکی پیادە بکات و زۆرجاریش بەهۆی نارەزایەتی و قبوڵ نەکردنی لەلایەن جەماوەرەوە پاشەکشەی پێکراوە.

حزبە بۆرژوازییەکانی کوردستان بەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا، بۆ کۆنترۆڵکردنی جۆش و خرۆشی خەڵک هەمیشە بەڵێنی بەبەهەشتکردنی داوەتە خەڵک تابتوانێ بەر بە چوونە پێشەوەی خەباتیان بگرێت، بەڵام لە کرداردا تاکە شتێک کە بیری لێ دەکردەوە، هەڵلوشینی بەرهەم و خێراتی ئەم کۆمەڵگەیە بوو. ژیانی خەڵک و خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و ئازادی و ئاسوودەیی لە فەرهەنگی ئەم هێزە کۆنەپەرستەدا بوونی نەبووە و نییە، بۆیە بنەمای ئەو بەڵێنانە تەنها سەرمایەگوزاری و پارێزگاریی چینی باڵادەست و دەسەڵاتی خۆی بوو و هیچی تر.

بەدیهێنانی ویستەکانی خەڵکی کوردستان دوورو نزیک پەیوەندیی بە ئامانجەکانی ئەحزابی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردەوە نەبووە و نییە. پارێزگاری لە کۆنە بەعسی و مستەشارەکان و هاندان و پەرەپێدانی کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و وەستانەوە بەرامبەر بە مافەکانی ژنان و پەرەدان بە کوشتن و تیرۆری وەحشیانەیان لەژێر ناوی کۆنە بەعسی و بەبیانووی پیس و پیاوسالارانەی ناموسپەرستییەوە جینۆسایدێک بوو دەرهەق بە ژنان کە تائێستاش درێژەی هەیە، ئەمانەو خەرمانێک لە تاوان و پێشێلکاری تر کە لەدژی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەم جوگرافیایەی کەوتە دەست ئەم دەسەڵاتە تاسەر مۆخ دواکەوتوو و شۆڕاوە لە ئینسانییەت، تەنها گۆشەیەکی ئامانج و سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالیسیتی دەسەڵاتدار بووە لە کوردستاندا کە بێجگە لە لەگۆڕنانی خواست و ئارەزووەکانی تاک و کۆی خەڵک هیچی تر نەبووە.




**کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!**

**بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو کیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕی، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بکەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بکەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..**

bopeshawa@gmail.com www.bopehsawa.net

## درێژەی... دوا وتە

هەنگاو دەنێین.... کە مەلاکان و ڕەوتە ئیسلامیەکان، بە پاڵپشتی حزبەکانی دەسەڵات و حزبە ئۆپۆزیسیۆنە دەستگرتوەکان بە کۆنەپەرستی ئیسلامیەوە، لەهێرش بۆسەر ژنان و ئازادیخوازی بەردەوامن و ڕۆژانەش شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان و بەرنامەو تەوەرەکانیان مەلایەک و کۆنەپەرستێکی ئیسلامی بانگهێشت دەکەن و مینبەریان دەخەنە بەردەست... بەکورتییەکەی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی بە قەومی و ئیسلامیەکەیەوە، لەهێرش بۆسەر ژنان و مافەکانیان و هەر سیمایەکی ئازادیخوازانە بەردەوامن، بەڵام ئەمانە هەموو واقعیەتی کۆمەڵگەی کوردستان بەیان ناکەن، بەڵکو تەنها لایەنێکی پێش چاو دەخەن... لایەنێکی قێزەون و ناشیرین. لایەنێکی تر لە واقعیەتی سیاسی کۆمەڵایەتی کوردستاندا، وەستانەوەی ئۆردوی ئازادیخوازی و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانە، بەرووی هیرشی دەسەڵات و ئیسلامیەکان و مەلاکان و میدیای تاسەر مۆخ کۆنەپەرست و یاساو فتوا ئیسلامیەکان و وەستانەوەیە بەرووی بۆگەناوی ئەو مەلایانەی عادەتیان بە سوکایەتی و جنیوفرۆشیەوە گرتووە. چەندە دزێوی دەسەڵات و ئیسلامیەکان ومەلاکان و دیوی و قێزەونی و فەرهەنگێکی کۆنەپەرستانەی لەکۆمەڵگەدا دەخاتە ڕوو، ئاواش وەستانەوەی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و ئۆردوی ئازادیخوازی بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژنان و سیماو ڕوخسارێکی هەرە جوانی ناو کۆمەڵگەی کوردستانە... وە لەبنەڕەتیشدا ململانیی نیوان دوو بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جیاوازو دژ بەیەکە. بزوتنەوەی چەپ و سکۆلاریزم و ئازادیخوازی لەلایەک و بزوتنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەپشتیوانی دەسەڵات لەلایەکی ترەوە.

ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و هەموو ئەو ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە ئازادیخوازانەی کە خوازیاری یەکسانی نیوان ژن و پیاو مافە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان و کۆمەڵگەن، ئەرکیانە هەشتی مارس بەشایستەیەکی گەورەوە بەرز ڕابگرن و شەپۆلی وەستانەوە بەرووی کۆنەپەرستیدا بەرینتر و فراوانتر بکەنەوە. گوشارەکانیان لە ڕێگای کاری ڕێکخراو و جەماوەری و مەیدانی و بەکردەوەوە، بۆسەر دەسەڵات زیاد بکەن و ناچار بە پاشەکشە و مل دان بە مافەکانی ژنانیان بکەن و هاوکاتیش دەستی ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستی لەسەر کۆمەڵگە کورت بکەنەوە. کاتی ئەوە هاتووە ژنان و پیاوانی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز هەر کەسێکی پێشکەوتنخواز کە باوەری بە یەکسانی بێ ئەم لاوی ژنان و پیاوانە، ریکخراوەیەکی جەماوەری سەربەخۆ بۆبەرگری لە ژنان و مافەکانیان، دەست بۆببەن و هاوکات میدیایەکی کارای تیژ و بەرگریکار لە مافەکانی ژنان بەدەستەوە بگرن و کە هەمیشە ئامادەی وەڵامدانەوەی سوکایەتی و بێڕێزی مەلاو بانگخوازان، وەزارەتی ئەوقاف و لیژنەی فتوا و یاساو ریسا دژە ژنەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنە پوچە دژە ژنەکان و میدیا سەراپا کۆنەپەرستەکانیان بداتەوەو کۆمەڵگە لە مەترسی کۆرۆنای ئیسلامی و داعشی بپارێزن.

خواستی دادگاییکردنی ئاشکراو عادلانەی دەستدرێژی سیکسی بۆسەر کچە ٨ ساڵانەکە، جیاکردنەوەی دین لە دەسەڵات، ئازادی دینداری و بی دینی، یەکسانی یاسایی ژنان و پیاوان، لیپرسینەوە لەوانەی سوکایەتی بە ژنان ومافەکانیان دەکەن... سەرەکیترین ئەو خواستانەن کەپێویستە بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنرێن.

**دواکات بۆ ناردنی بابەتەکانی ژمارەی داهاتوو بەرواری 13-3-2020**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward


بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس رەشید، سەردار عەبدوڵا، شوانە حەسەن ، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، عەبدالرحمن رەسوڵ، هیوا سالّح، ئەحمەد جوانکار، شوان عەزیز، کاوان قادر، هەتاو عەبدوڵاهی، سەلام مەنمی..

# کۆرۆناو مەلا و میدیا

بڵاوبوونەوەی فایرۆسی کۆرۆنا، هۆکارەکەی هەرچی بێت و تەنانەت وەکو بۆچوونەی دەڵێت هەناردەکردەنی ئەو ڤایرۆسە بۆ چێن بەشێکە لە جەنگی ئابوری و بازرگانی نیوان ئەمریکا و چین، هیچ لەو راستییە کەم ناکاتەوە، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەگەڵ قەیرانێکی کەمەرشکێن و مەترسیەکی گەورە رووبەڕووکردۆتەوە. مەترسییەک سەرەتا هاوڵاتیانی چین، و پاشان کشاوە بۆ زوربەی زۆری دنیا و تا ئیستاش بەرەو فروانبوونەوە دەڕوات. قوربانیانی زیاتری بەدوادا دێت و هێشتاش چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەی ئەو نەخۆشییە بەردەست نییە.

لەهەموو دنیادا رووبەرووبونەوەی مەترسی کۆرۆنا بەشێوی جۆراوجۆر بەپێی توانایی دەوڵەت و باڵادەستی سلکی تەندروستی و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە، دەستی پێکردووە، بەتایبەتیش بەمەبەستی بەرگری لە پەرەسەندنی. کۆمەڵگەی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە نەخشەی رووبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە دەکرێت بەوێنەی زوربەی کۆمەڵگەکانی دنیا، بەڵام لەدۆخی وێرانەیی سلکی تەندروستیدا، کۆمەڵگەی کوردستان رووبەرووی مەترسیەکی گەورەیە. مەترسیەک لەگەڵ ترس لە هاتنی ڤایرۆسەکە، ترس لە بازرگانی کردن بە پێداویستیەکانی بەرگری و لەوانەش دەرمان و کەمامە و خاڵیکردنی گیرفانی زیاتری هاوڵاتیانە... لەوەش مەترسیدارتر بۆ روبەرووبوونەی کۆرۆنا لە جیاتی بەرنامە و نەخشەو پرۆژەی بەردەوام و گرتنە بەری رێکاریی دروست و ستاندارد و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەلایەن شارەزایانی بواری تەندروستی، میدیای پوچی کوردی، لە کیبەرکێی ناشارستانیانەی خۆیاندا، خەریکن و هەر رۆژە دەستەو دامێنی مەلایەکی کەللە وشک و دەم پیس دەبن، تا رینوێنی هاوڵاتیان بکات، لەبەڵای ڤایرۆسی کۆرۆنا بەدوور بن... لەو نێوەدا هەردوو کەناڵی "ئین ئارتی و ڕووداو" پشکی شیریان بەرکەوتووە. پیشکەشکارە بۆیناباغ لە ملەکان بە غروری مەدەنی بوونەوە مینبەر دەخەنە بەردەم ئەو مەلایانەی کە بەجیا لەوەی کاری ئەوان نییە دەم لە پرسی زانستی تەندروستی بکوتن و ئایەت و حەدیس و خورافات، بکەنە ڕیگایەک بۆ چارەسەری ئەو ڤایرۆسە...هاوکات ئەوە بیرێزیەکی ئاشکرایە بەهەر هەوڵ و نەخشەیەکی زانستیانە و پزیشکی.




لەهەموو کەسێکی هوشیار کە وەکو هیوا جەمال و کارزان عوسمانەکان، دەرگیری نەخۆشی ڤایرۆسی گەمژەیی نەبوون، دەزانن مەلاکان لە کوردستان رۆڵیان لە ڤایرۆسی کۆرۆنا وێرانکەرانەترە... بەکەم گرتنی ژنان و بەزەعیفە نیشاندانیان، چوونە پشت چوار ژنە و تەبا بوون لەگەڵ ئیغتیسابی منالآنی کچی ٩ ساڵە، بەناوی زەواجی محەمەدیەوە، لیدان و سوکایەتی کردن بە ژنان. دەستوەردان لە وردو درشتی روداوەکانی کۆمەڵگە، فتوا بەخشینەوە لەدژی هەر داهێنان و پیشرەویەکی زانستی، لەدژی ئەدەب و هونەر و هەر تیکستێکی ئازادو پیشکەوتنخواز، مۆری حەڵاڵ و حەرام دان لەهەر شتێک کە ئەوان و ئیسلامەکەیان دڵیان نایگریت... بەراستی بەس نییە بۆ نیشاندانی ترسناکی مەلاکان و کۆنەپەرستی ئیسلامی لەچاو کۆرۆنا... ئاخر ڤایرۆسی کۆرۆنا، وەکو هەر نەخۆشییەک دێت و دەڕوات، بەڵام کۆنەپەرستی ئیسلامی و مەلاکانیان، تا نیزامی درندەی سەرمایەداری هەبێت و مۆتەکەی سەر دڵی کۆمەڵگەن... وە قوربانیانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە بەراورد بە قوربانیانی دەستی ئیسلام و مەلاکان و رەوتە سیاسییە دینیەکان، سەدان بەرابەری قوربانیانی دەستی کۆرۆنایە... ئەوانەی دەرگیری نەخۆشی کۆنەپەرستی و هەڵگری ڤایرۆسی پیاوسالاری و ئیسلامین، رۆژانە ڤایرۆسی ژن و کچ و خوشکەکانیان لە خێزاندا و لەکۆمەڵگەشدا فتواکانیان و مینبەری مزگەوتەکانیان، ڤایرۆسی کۆمەڵگەن... بەڵام میدیای پوچی کوردی لەوەی زیاتری لێ چاوەڕوان ناکرێت... وەکو دەلێن تەیری گول عاشق، بەداری شەقنەبوتە... ڕووداو ئین ئارتیش نموونەی تەیری گولی ناو مێدیایی کوردین.

# دوا وتە



## لەپێشوازی ٨ مارسدا

ئەمساڵ لەکاتێکدا پێشوازی لە هەشتی مارس ڕۆژی نەفرەت لە هەڵاواردنی رەگەزی دەکەین، کە هەر چەند رۆژ پێش ئێستا هەواڵی دەستدریژی سیکسی چەند کەسێک بۆسەر کچێکی ٨ ساڵان، ویژدانی هەموو ئینسانێکی خاوەن ویژدانی هەژاند. وە هەر مانگێک لەوەپیش مەلا مەزهەر لەسەر سوکایەتی بەژنان راپێچی بەردەم دادگا کرا... مەلا هەڵۆ سوکایەتی بەزوربەی هەرەزۆری کۆمەڵگە کرد و سفور بوونی ژنانی دایە بەر رمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و لە لێدوانێکی تازەشیدا دەڵێت" پەیمانگای هونەرە جوانەکان شوێنی لەشفرۆشی و سۆزانیەکانە". چەند مانگ لەوە بەر فتوای ئەنجومەنی زانایانی ئیسلامی هاتووچۆی ژنانی بە بەتەکسی و بەتەنها یاساغ کرد.. بەر لەوەش لیژنەی فتوا فتوایدا کە منالّی بلورین کارێکی نەشیاو ناحەڵاڵە... یەکگرتووی ئیسلامیش هەر چەند رۆژ بەر لەئیستا دەیان ژنی حجاب پۆش کرد و بەرگی باڵاپۆشی و تاجی زێر!! لەسەرنانی ژنانی، بەشێوەی ئیخوانی و فۆرمی ئەردۆغانی نمایش کرد. کارێکی شانۆی لەکەلار مەلاکان و ئەوقافی شیتگیر دەکەن و سکاڵایی یاسایی تۆمار دەکەن و سوکایەتی و تۆمەت بەخشینەوەشیان بەردەوامە. رۆژانەش لە میدیاو ماس میدیاکان و سۆشیال میدیا و لەمینبەری مزگەوتەکانەوە گوێ بیستی غەزەبی مەلاکان بۆسەر مافەکانی ژنان و بەتایبەتیش مافە فەردی و مەدەنیەکانیان دەبین... ئەمانە تائێرە تەنها گۆشەیەکە لە هێرشی بەردەوامی کۆنەپەرستی ئیسلامی و مەلاکان و رەوتە ئیسلامیەکان بۆسەر ژنان بەتایبەتی و هەموو سیماو دیاردەیەکی مەدەنی کۆمەڵگە بەگشتی.

لایەنێکی تر ئەوەیە کە رۆژ نییە هەواڵی توندوتیژی بەژنان، لەسوکایەتی و لێدانەوە تا ناچارکردنی ژنان بۆدەستبردن بۆخۆکوژی و خۆسوتاندن، یان هەواڵی تیرۆرکردنیان نەبیستریت. بەهۆی خراپی باری ئابوری و گوشارەکانی، تادێت پشێوی نێوان خێزانەکان پەرە دەسەنێت و رادەی جیابوونەوە بەرەو هەڵکشان دەچێت. بەهەمان هۆکاری نەبوونی و گرانی، باندەکانی لەشفرۆشی زیاد دەکەن.

دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت و پەرلەمانەکەی کە پشتبەستوون بەسەرچاوەکانی شەرع و قورعان، ریگەیان داوە دەیان یاسای زاخاوکراو بە ئیسلام بسەپینن و لەناو پەرلەمانەوە مۆر بدەن لە فرەژنی و بەیاسایی بکەن.

بەڵێ لە کاتێکدا بەرەو هەشتی مارس

بۆ لاپەرە.. 13

# بەرهەمی تازەی هونەرمەندان هیوا سالّح و سەردار عەبدوڵا

